Однако следуя за всеми этими героями, мы сразу замечаем, что так называемое «традиционное» курдское общество было скорее всего не таким уж «традиционным». Отважный человек — это скорее был тот, кто нарушал устойчивые общественные законы и представления о жизни. Кроме того, он вынужден был неоднократно действовать в одиночку, руководствуясь лишь помощью сверхъестественных существ. Однако, чтобы этой силой воспользоваться, надо было в начале в нее поверить и допустить к себе возможность ее существования. В *Мем и Зин* Хани соответсвующей опорой для подвига является, конечно, вера в Бога.

---

[3] Курдские сказки приводятся здесь по архиву семьи Джалиль и по русскому изданию этих сказок: Курдские сказки, легенды и предания (1989), Издательство Наука, Москва

[4] В упоминаемом выше русском издании эта сказка опубликована под заглавием *Кырх Сачлие*

## ВРЕМЯ И ПОДВИГ

В работах, посвященных религии, Мирча Элиаде обращает внимание на то, что жизнь традиционного общества сосредотачивалась вокруг священного, которое почиталось и создавало центр каждого пространства и понятия времени. Связь со священным имела ключевое значение для правильного выполнения общественной роли (Eliade, 1993; 82)[5]. В курдской традиции священное представало, и по сей день предстает в многогранном облике: имеются в виду пересечения множества религиозных традиций, в том числе ислама, христианства и йезидизма. Соседство разных людей и разных вероисповеданий способствовало заимствованиям, которые в первую очередь можно наблюдать и прослеживать в мистической традиции, как ислама (суфизма), так и йезидизма и христианства. Не погружаясь в довольно беспредметные и не нужные здесь рассуждения о том, кто, что и у кого заимствовал, я хочу лишь обратить внимание на несколько, на мой взгляд, существенных мотивов, которые сказываются на восприятии этических ценностей и нравственности в целом.

Во вступительной статье к изданию йезидских текстов Филип Креенброек обращает внимание на противоположность в них мирского и священного. По его мнению, с этим было связано убеждение о проявлении священного или тайны в разных формах мирской жизни (2005; 21). Связанное с проявлением мистической тайны йезидское восприятие времени и истории строится на сочетании разнообразных представлений о времени, в том числе на линейном и кругообразном понятии времени (Omarkhali, Rezania, 2009; 346). Руководствуясь классификацией польского социолога Анны Павелчинской, возможно уместнее было бы назвать эту схему спиральной (1986; 20). Она заключает в себе понятие как повторения, так и обновления и эволюции. Мы можем обнаружить ее не только в йезидизме, но даже в повседневном и распространенном сказании, что «история любит повторяться». В этом случае

---

[5] О связи героя курдских сказок со священным, в частности более тщательное описание сюжетов, см. в статье: Joanna Bocheńska, (2013), What is the source of good and beauty? Ethic and Aesthetic Aspects of Kurdish Fairy Tales from Jalils' Family Collection, *Folia Orientalia* no. 50, Kraków

имеется в виду скорее не точное повторение, но обнаружение неких сходств между разными эпохами и событиями. Такого рода «спиральные повторения» мы многократно обнаруживаем в курдских фольклорных текстах. В сказке о Шарур Бульбуле Мирзе Махмуду сначала необходимо победить трех девов: Черного, Красного и Белого. У каждого из них есть дочь и замок, но хотя они похожи друг на друга все-таки каждый из них опаснее прежнего. Таким образом Мирза Махмуд не просто повторяет свой подвиг, он каждый раз его обновляет. Получая новый опыт, он становится более зрелым и мужественным. Исламская традиция по сути заложена на спиральном обновлении. Пророк Мухаммед последует многим другим пророкам иудаизма и христианства, послания которых им обновляются при других исторических, географических и даже культурных условиях. Однако в то время как мусульмане часто подчеркивают завершительный аспект посланий Мухаммеда, йезидизм все же допускает возможность появления в мире новых ипостасий Шейха Ади.

Следует предположить, что спиральное представление о времени сказывается не только на содержании йезидских текстов — в которых история подчинена циклу мистического проявления Божества в мире, но также на определенном понятии об этическом воспитании человека. Говоря иными словами, факт мистического повторения создания мира и появления Шехйа Ади в человеческой истории непосредственным образом влияет на восприятие того, что связанно с äхлаq. Человеческий поступок строится напрямую в зависимости от существования и циклического обновления контакта со священным. Перед встречей с девами Мирза Махмуд каждый раз призывает Божью помощь или просто доверяет себя Господу, говоря:

*Всевышний, или дай мне его одолеть, или пусть он одолеет меня* (Джалиль, 1989; 28). Контакт со священным, по сути, не повторяем, он обновляется при других условиях и заключает в себе также изменение, не только одно и то же повторение. Таким образом обновляться вынужден также *äхлаq* и человеческие поступки. Для чего требовалась отвага в первом случае, не обязательно потребуется при других условиях. Однако роль отваги и чести остается неизменной. Все это заметно в курдских сказках. Перед их героем поставлено много задач, но их правильное выполнение зависит также от умения оценить реальную потребность, то есть строится также в расчете на ум и

способность рассуждать. Не стоит добавлять, что поступок, который может быть повторен и выполнен при тех же условиях, не является уже подвигом. Суть подвига в том, чтобы увидев незамеченной другими потребность, суметь действовать вопреки многочисленным сомнениям и страху. В нем всегда заложен серьезный риск. Поступок, который можно легко повторить, не есть подвиг.

Кроме того, в сказке Шарур Бульбуль можно выделить также некие этапы этического развития героя:

1. На первом этапе Мирза Махмуд доказывает, что умеет владеть собой и устоять против соблазна (3 встречи с дочерьми Девов),
2. На втором он доказывает, что умеет слушать и последовать советам старика, хотя они иногда кажутся странными,
3. На третьем - несмотря на свои достижения и доблести, Мирза Махмуд по воле судьбы все-же попадает в беду и вынужден начать все сначала. Умение начать все сначала, как-будто прощая судьбу, и есть очередное важное достоинство, которому следует научиться. Оно связано с умением преодолеть собственную гордость и чрезмерную уверенность в себе.

## ЦЕЛЬ ПОДВИГА И ЗНАЧЕНИЕ ЛЮБВИ

Однако, согласно курдским сказкам и *Мам и Зин* Ахмеде Хани, преодолевать трудности и побеждать опасность и тревогу нужно всегда во имя чего-то. Нет, пожалуй, ни одного курдского рассказа, в котором спираль задач не имела бы более важного значения. В упоминаемой уже несколько раз сказке о Шарур Бульбуле — целью является чудесная птица, пенье которой может спасти сад падишаха от бесплодия. Птицу желает получить старый падишах, отец Мирзы Махмуда, чтобы перед смертью увидеть плоды деревьев. Мирза Махмуд действует не ради себя, а ради отца, а точнее – из любви к отцу. Интересно, что именно пение — совсем не материальный фактор - может стать лечебным средством для совсем уже материального исцеления

деревьев и сада (тот же мотив - исцеление с помощью песни и чудесного голоса - использован курдским кинорежиссером Бахманом Кубадим в фильме *Полумесяц*). Пение обладает чудесной силой, которая способна порождать новую жизнь. Мирза Махмуд совершает подвиги ради отца, но как-будто по дороге он встречает любовь и в своей жизни. Наградой за верность отцу и делу становится рука прекрасной Гули Гульзады, владелицы Шарур Бульбуля (несмотря даже на то, что птица у принцессы была украдена именно Мирзой Махмудом). Таким образом любовь становится центром всех действий главных героев. Кроме того, она имеет многообразное значение. Речь ведь идет о любви сына к отцу, отца к саду и к музыке (к искусству), но также о любви Гули Гульзады к Мирзе Махмуду. Парадоксально, но умениие украсть чудесную птицу, а затем сбежать с нею становится доказательством доблести Мирзы Махмуда, которая в свою очередь вызывает у Гули Гульзады чувство любви и доверия. Любовь символизирует также пение соловья, которое способно возродить сад.

В сказке Чилкези («Девушка сорока кос») главная героиня отправляется на поиски своего мужа во имя любви и верности. Она не желает стать женой другого человека и использует любые ухищрения, чтобы не стать жертвой насилья в обществе, в котором одинокая странствующая женщина может оказаться чужой собственностью или просто жертвой любого мужчины. Ради любви она способна в то же время сопротивляться общепринятой традиции, которая видела в женщине скорее робкое домашнее существо, действующее ради того, чтобы блюсти чистоту и верность своему избраннику или, говоря другими словами, действовать во имя «намуса», который по сей день остается очень важной ценностью для курдских женщин.

Курдские сказки – это, наверное, не единственный источник знаний о значении любви в курдской культуре. Мы обнаруживаем его во многих йезидских текстах, где о любви говорится не только метафорически, но также прямо, ее называют абстрактным именем. Филип Кроенброек подчеркивает, что термин «любовь» используется не только в одном определенном смысле, но во многих контекстах (2005; 28). Чаще всего любовь выражена словом *mihbet*, которое Курдоев переводит как: 1. любовь, 2. дружбу, расположение и 3. внимание (1960; 536). В гимне *Zebûnî Meksûr* слово *mihbet* появляется 12

раз, кроме него 2 раза употребляется также слово *aşq/eşq*, тоже обозначающее любовь. Два раза речь идет о aşiqa — влюбленных, которые способны понять божиие послание. В гимне *Afirîna Dinyayê* слово *mihbet* выступает три раза. Подобным образом обстоит и с гимном *Bê Elîf u Qere Ferqan* (2005; 57). Стоит обратить внимание на приведенные строки. Сразу становится очевидным, что Любви предназначено почетное место в сфере йезидских этических ценностей. В гимне *Qere Ferqan* речь идет о ее происхождении:

Ilahiyo, tuyî wahidî, qahirî
Ji berî binyana ,erda, ji berî ,ezmana
Ji berî mêra, ji berî meleka
Mihbeta bi tera çêbû, te çi jê çêkirî? (2005; 95)

Боже Ты единственный, Ты побеждающий
До того как была заложена твердь земли
До того как сотворилось небо
До того как возник человек и ангелы
Любовь родилась вместе с Тобой
Что Ты из нее создал[6]

В этом фрагменте выступает первобытный и даже священный характер Любви. Она является не только орудием в руках Бога, но она будто Его «сестра», главный признак Его существования и действия. Такого рода священная Любовь предстает первым, что познает человек:

Berî mişûre, berî xete
berî qeleme, berî heqîqete
Mêr nasîbû ew mihbete.(2005; 72)

[6] Перевод йезидских текстов на русский язык сделан автором на основетекста оригинала и перевода на английский язык, который помещен в книге Креенброека и Рашова. Однако в случае последней строки *Mihbeta bi tera çêbû, te çi jê çêkirî?* английский перевод меняет значение текста: *Love was at your disposal: what did you create with it?* придавая ему другой смысл.

До того как появились книги и письмо
До того как возник калам и правда
Человек познал эту Любовь.

Смысл жизни человека связан именно с Любовью, так как по воле Всевышнего он в нее «погружен». Любовь - это также источник красоты и прелести:

Êzdanê me bi rehmanî
Hisn û cemal ji me re anî
Destûr da qalemê qudretê
Em avetin nav sura mihbetê (2005; 67).

Наш Господь милосердно
Одарил нас красотой и прелестью
Позволил Каляму силы
Погрузить нас в Тайну Любви.

Во всех вышеуказанных примерах Любовь способствует творчеству. Это из нее Бог сотворяет мир. Любовь считается источником жизни и ее обновлением. Не удивительно, что именно Любовь воспринимается также как фундамент для системы этических ценностей:

Padşayê minî kamilî hukim
giran e
Di nav da zor erkane
Mihbeta xerza nûranî dane
wan bi nîşane.(2005; 60)

Мой Царь совершенный, его су
весомый

В мире много фундаментов[7]
В качестве знака Он одарил
их Любовью, светящейся опарой.

Таким образом, Любовь получает фундаментальное значение для того, чтобы выявить суть других ценностей, в том числе справедливости. Она создает и возглавляет своеобразную иерархию, придавая смысл другим ценностям. Такое понятие Любви близко многим философским концепциям, в том числе Макса Шелера, Николая Гартманна или Николая Бердяева. Однако, учитывая курдскую традицию, стоит подчеркнуть, что именно оно использовано также Ахмеде Хани в эпосе *Мам и Зин*. Опираясь на мистическую традицию Ближнего Востока, поэт создает изысканную идею Бога-Любви. Любовь у Хани показана сквозь призму многобразной тематики, но несомненно она имеет священный характер. С одной стороны, она послана Богом, с другой - она все-таки тайна, так как понять Любовь Бога к человеку можно лишь глубокой верой, а не разумом. В начале произведения Хани указывает на близкую связь Бога с Любовью, которая является чуть ли не главным Его именем:

Sernameê name, namê Ellah
Bê name wî netemam e wellah

Ev metleê husnê işqebazî
Mehbûbê heqiqî û mecazî

Namê te ye lewhê nameya işq
Îsmê te ye neqşê xameya işq

Bê neqşê te, neqşê xame xam e
Bê name te, name netemam e (Xanî, 2005; 116)

---

[7] Креенброек и Рашов переводят *erkane* как *cornerstone*, краеуглный камень, фундамент, поясняя что речь идет о моральном праве и принципах. Действительно слово erkane появляется в йезидских текстах несколько раз в похожем контексте, смотри *Qewlê Îmanê* 28-33, с. 87

Начало книги — имя Аллаха,
Без имени Твоего, клянусь, она несовершенна

О место — проявления красоты любви
Явный и скрытый возлюбленный

Имя Твое — скрижаль писмен любви
Название Твое — начертание пера любви.

Без твоего образа начертанное пером несовершенно,
Без твоего имени книга является несовершенной. (Хани, 1962; 35)

По сюжету тема любви выявляется многократно. Это:

- любовь Мама и Зин (мужчины и женщины)
- любовь к стране (к Курдистану)
- любовь к Богу (мистиков Мама и Зин)
- любовь Бога к человеку, в которой зло (Иблис-Бекир) играет существенную роль

Из этого видно, что Хани употребляет прежде всего слово *işq/eşq*, которое, как известно, было распространено среди мусульманских, а не только курдских мистиков. Курдоев переводит его на русский как: 1. любовь, страсть, 2. радость, веселье, 3. интерес, воодушевление, и 4. здоровье (1960; 241). Однако как в йезидской традиции, и у Хани любовь является не только именем или «сестрой» Бога, но также «светящейся опарой» - единственной силой, которая способна обьединить мир, разделенный между добром и злом. Это именно Любовь может придать другое значение злу, которое перестает пугать, являясь, как и добро, орудием в руках Господа. Благодаря этому Бекир, который подсказывает плохие поступки эмиру Зейн эд-Дину, удостоен прощения и вечной жизни в раю, возле душ Мама и Зин. Однако эмир, как символ слабости и порока, обречен на забвение. Причина его слабости и не-

совершенства связана безусловно также с «больезнью сердца», то есть с отсутсвием уменья или желания любить:

Mîrin hene aqil in, eziz in
Lê sadedil, di bêtemiz in
Ew, sade ji bulh û natemamî
dil nadine menş'a kelami.
Wan dil guh e, guh bi dil ve nîne
Reşçav in û merdimeksipî ne (2005; 520)

Есть правители умные и здоровые,
Но есть и простодушные и не умеющие
распознавать вещи.
Это простодушие поисходит от глупости и
несовершенства.
Они не прислушиваются сердцем к источнику
мудрых речей.
Нет у них сердца, они не прислушиваются к нему,
Глаз у них черный, а зрачек белый (1962; 184)

Тем самым Любовь воспринимается одновременно как знак и дар от Бога и как дарование и усердие человека. Умение человека любить определяется его волей и конкретной восприимчивостью как к другим людям так и к священному. Здесь заключена способность различать добро и зло, а тем самым - моральность и систему этических ценностей. Любовь необходима для полноценной жизни не только обыкновенного человека, но и эмира, который принимает решния, касающиеся других. Более того, не умея любить, Зейн эд-Дин попадает в зависимость к другим людям (Бекиру). Обнаруживая механизм духовного рабства, Хани ищет также ответ на вопрос о причине бед Курдистана. По его мнению, Любовь - это единственный надежный фундамент политической власти и независимости в том числе.

## АРХЕТИПЫ ЛЮБВИ

Как уже упоминалось раньше, существенную роль в этическом воспитании человека играет метафора, символ и рассказ — то есть пространство в котором остается место для разновидной интерпретации. Здесь этическое поучение действует именно путем образов, а не абстрактных понятий. Элиаде обращает внимание, что обитающие в человеческом выображении — иногда подсознательно — архетипы имеют ключевое значение для того, чтобы понять культуру, менталитет и судьбу человека. Эти первичные образы связаны с его прошлым, но они скорее всего выявляют его духовную реальность (психологическую, религиозную), нежели историческую. Согласно Элиаде, мифы, символы и обряды всегда говорят о потребности человека противопоставить себя истории, обноруживая вечный, священный смысл жизни. Поэтому архетипы прослеживаются и в настоящей мирской реальности человека, их нельзя изжить или просто заменить другими образами, они свойственны каждой культуре (1993; 35). В курдской культуре, пожалуй, тоже можно проследить разнообразные архетипы, которые с особой силой проявляют себя в современном искусстве и литературе. Однако мне хотелось здесь сосредоточиться на тех образах, которые, по-моему, связаны с понятием Любви, особенно в том широком плане, о котором речь шла выше.

Прежде всего мы можем обратить внимание на образы, которые распространены широко, особенно в культуре Ближнего Востока. Это в первую очередь персонажи несчастных влюбленных Мема и Зин. Они похожи на других героев ближневосточной литературы, которые не могут добиться счастия в мирской жизни, их тоска часто используется автором в качестве претекста для создания более глубокого, мистического смысла данного произведения. Тоска и страсть к любимой символизирует мистическое стремление к Богу. Однако интересно, что у Ахмеда Хани этот мистический путь к Истине совершает не только мужчина (Мам), но и женщина (Зин). У них обоих право на поиск Бога, женщина не является только предметом, божественным образом, но и активным субъектом действия. Это, в свою очередь, придает новое значение как архетипу влюбленных, так и самой половой любви, значение которой столь решительно подчеркивает Николай Бердяев, говоря о боже-

ственном Эросе (2012). Эта тема требует, однако, дополнительных исследований и затрагивается здесь лишь попутно, для примера.

Другим, не менее интересным первичным образом является символ жемчуга и океана, который использован в йезидской традиции. В гимне *Afirîna Dinyayê* (О сотворении земли) (2005; 66) речь идет о создании Богом белоснежной жемчужины, которая одновременно является божьей обителью, символом единства и чистоты. Бог помещает в ней Любовь. Затем жемчуг изменяется, в нем обнаруживаются два глаза и вытекает вода, создавая большой океан. Бог словно бы одновременно создает жемчуг и обитает в нем. Он покидает его, чтобы завершить дело сотворения мира. Вода, море, океан кажутся здесь символами всепоглащающей силы Любви, которая в свою очередь порождает новые создания. Из единства возникает многообразие, мир бесконечно заполняется новым. Символ Любви — океана, как силы дарующей жизнь и уничтожающей ее одновременно, что усиливается появлением коробля, который послан людям Богом в качестве спасения. Он, конечно, ассоциируется с Ноевым Ковчегом.

Интересно, что образ Любви-Океана появляется в романе Мижабад современного курдского писателя Джана Доста (2011), подтверждая теорию Элиаде об устойчивости архетипов. Сюжет Мижабада основан на исторических событиях создания курдской Республики Махабад (1946). Однако история не является здесь главной темой, она лишь претекст, чтобы рассказать о судьбе человека. Одним из героев романа является Эмираль Ага. Он сумасшедший и никто всерьез его слов не принимает. Но то, что он их бесконечно повторяет, (все-таки) должно в конце концов заинтересовать внимательного читателя. По мнению Эмираля Аги, то, что нужно Курдистану, чтобы создать независимое государство, — это море и корабли. Конечно, эти слова можно понимать лишь как бред или безумную, сугубо националистическую идею создать большущий Курдистан (от моря до моря), но если прочитать этот текст с учетом контекста культуры, в которой он появился, не сложно придать словам чекнутого (Эмираля Аги) дополнительное мистическое значение. Тем более, что по традиции слова бузумных в Курдистане часто воспринимались скорее как знак от Бога, нежели просто безумие. Используя йезидский образ Океана-Любви, порождающей жизнь и многообразие, писатель намекает также

на его объединяющий принцип. Так Хани говорит о необходимости увидеть Любовь как ценность первоначальной и необходимой. Пренебрежение ею и непонимание многогранности ее смысла кажется и здесь одной из причин курдских бед и несчастий. Этот недостаток или пренебрежение к Любви свойствены, конечно, не только курдам, но прежде всего окружающему их миру, который к ним безразличен и жесток.

## ЗАКЛЮЧЕНИЕ

Этические ценности — абстрактные понятия, которые воспринимаются по- разному в каждой культуре. Для полноценного этического воспитания нужен не только пример как способ применения этических ценностей в жизни, но и умение обнаружить и назвать в повествовании определенные ценности. Без этого этическое значение многих текстов будет просто утрачено, оно не выявляется и им пренебрегают. В случае курдской культуры дело обстоит еще хуже потому, что из-за политических условий, в которых живут курды, связь с собственной традицией и ее посланием во многих случаях теряется. Без глубинного познания собственной традиции нельзя понять вполне ценности других культур, в том числе влияющую на весь мир европейскую и Западную. Познание системы и способа применения ценностей данным обществом позволяет также более серьезно рассуждать на тему любых, в том числе социальных и политических изменений.

В курдской культуре мы можем обнаружить как этический литературный пример, который основан на богатой и по сей день живой традиции повествования, так и наличие абстрактных понятий о ценностях. Абстрактные имена, правда, как указано выше, введены в структуру повествования и не создают отдельных трактатов, но все- таки позволяют сегодня строить основу для рассуждений о смысле и роли этических ценностей в курдской культуре и общественной жизни. Пренебрежение курдской литературой и культурой, которое заметно также в научном мире, увлекающемся скорее всего темами политическими и социальными, сказывается также на отсутсвии более глубокой перспективы для исследования так называемого «курдско-

го вопроса». Кроме того, лишенный духовности, поверхностный взгляд на курдскую культуру как на нечто вроде этнографического музея, отнимает у нее возможность этически воздействовать на курдское общество. Точно так же не замеченный иностранными исследователями глубинный смысл этой культуры лишает ее уверенности в себе, которая необходима для обыкновенного общения с другими.

Рассказ и понятие Любви – это, как нам представляется, два главных истока этических ценностей в курдской культуре. Их смысл многогранен и не может быть исчерпан в короткой статье. К сожалению, значение рассказа и понятия о Любви затерялись и не влияют в нужной степени на курдское общество. Однако само их наличие несомненно, требует сегодня серьезных исследований и, разумеется, существенной поддержки со стороны международного научного сообщества.

**Библиография:**


Бердяев, Николай., (2012), *Эрос и личность*, Азбука, Санкт-Петербург

Bocheńska, Joanna., (2013), What is the source of good and beauty? Ethic and Aesthetic Aspects of Kurdish Fairy Tales from Jalils' Family Collection, *Folia Orientalia* no. 50, Kraków

Джелиль, Джелиль и Ордихан., (1989), *Курдские сказки, легенды и предания*, Издательство Наука, Москва

Kreyenbroek, Philip, G., Rahow, Khalil Jindy., (2005), *God and Sheikh Adi are Perfect*, Harrassowitz Verlag, Wiesbaden

Курдоев, К. К. (1960), *Курдско-русский словарь*, Государственное издательство иностранных словарей, Москва

MacIntyre, Alasdair., (1996), *Dziedzictwo cnoty. Studium z teorii moralności*, Wydawnictwo Naukowe PWN, Warszawa

Omarkhali, Khanna., Rezania, Kianoosh. (2009), *Some reflections on concepts of time in Yezididsm, в: From Daēnā to Dîn, Religion, Kultur und Sprache in der iranischen Welt*, Harrassowitz Verlag, Wiesbaden

Pawełczyńska, Anna. (1986), *Czas człowieka*, Polska Akademia Nauk, Ossolineum, Warszawa

Xanî, Ehmedê. (2005), Mam û Zîn, редакция: Мехмед Эмин Бозарслан, Weşanên Deng, Stenbol

Хани, Ахмед (1962), Мам и Зин, в переводе Маргариты Б. Руденко, Издательство восточной литературы, Москва

Scheler, Max., (2013), Ordo Amoris, в: *O miłości. Antologia*, Wydawnictwo Naukowe Uniwersytetu Mikołaja Kopernika, Toruń

Eliade, Mircea., (1993), *Sacrum-mit-historia*, PIW, Warszawa



The article is part of the research project: How to Make a Voice Audible? Continuity and Change of Kurdish Culture and of Social Reality in Postcolonial Perspectives approved for financing by the decision number DEC-2012/05/E/HS2/03779 of The National Science Centre of Poland.

HAIDAR LASHKRY[1]

# پیرۆزکردنی زمان خوێندنەوەیەك بۆ پێگەی زمانی کوردی لە گوتاری ئایینی سەدەکانی ناوەڕاستدا

**ABSTRACT**

**Sanctification of the Language**

**The Status of the Kurdish Language in Religious Discourse of the Middle Ages**

The Arab - Islamic conquest of Kurdistan led to a lot of political, social, administrative and religious developments. As a result, in the longue durée of the Middle Ages, the Arabic language becomes a legitimate language used in the areas under the Islamic caliphate, especially in the religious field. Consequently, the local languages had lost their position especially in the religious sphere. The Kurdish language was one of those languages. However, the Kurds consort with the new religions' doctrine and become part of what they call the Islamic nation. However, the Kurdish language was not up to the level of expression of the religious sacred. Kurdish political discourse, which represents a system of independent Emirates, had not been able to develop an internal religious heritage which depends on the local language. With the advent of Sufism and spread among the Islamic societies - including the Kurds - changed the status of languages in the religious sphere. Sufism has a mystical association with the social reality of the Kurds, and for some Kurds Sufi appeared because they do not know the Arabic language or are not very familiar with Arabic religious sciences. So they tried to use non-Arabic language to express their Sufi opinions and beliefs. They used Languages which preceded Islam, such as the old Pahlavi language and they put their ideas and Sufi poems in this language. This use of the local language has far-reaching effects, including reverence for the language spoken in the social sphere, which believed in the Sufi and followed their rituals.

[1] Haidar Lashkry, PhD, is a director of Malay Gawre Centre for Kurdish Studies - University of Koya, Kurdistan Region of Iraq

## دەروازە

لە دوای هاتنی ئیسلام و بوونی بە ئایینی باڵادەست لە کوردستان، زمانی کوردی خۆی لەبەردەم باوەڕێك و پیرۆزییەکدا دۆزییەوە کە پەیوەستە بە جیهانبینی و هێزی دەلالەتییانەی زمانی عەرەبییەوە، زمانێك کە ئیدی دەروازەی بە گەردوونبوونی بەسەردا کرابۆوە. بۆیە بۆ کوردی و زمانەکانی تریش گوزارشت کردن لە باوەڕداری و پیرۆزییە ئایینیەکان جۆرێك لە ڕووبەڕووبوونەوەی تێدابوو. لێرەوە ئەو توانایەی بە زمانی دەسەڵات درابوو، هەروەها خۆنواندنی دەسەڵاتییانەی کورد لە پانتایی خەلافەتی ئیسلامی و ئەو گۆڕانە مەزهەبییانەی لە زەمینەی کوردی ڕوویانداوە، لەگەڵ پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کورد و ئاستی تێگەیشتن لە ئاین و باوەڕداری بەگشتی، کەم تا زۆر ڕۆڵیان لە پێگەی زمانی کوردی لەو گوتارە ئایینیەدا هەبووە. بێگومان تێگەیشتن لە تەواوی ئەم گۆڕاوانە و ئەم پێگەیە دەتوانێ بەشێك لە مێژووی گەشەسەندنی زمانی کوردیمان بۆ دەربخات، بەتایبەت کە لەوێ بەدواوە بەرەبەرە ئایینی ئیسلام جیهانبینی زۆرینەی کوردانی دادەڕشت و دەبووە ئەو کەناڵە باوەڕییەی لە میانەیدا و لەماوەی درێژی مێژوویدا سیستەمە کولتورییەکەیانی پێکدەهێنا.

تێگەیشتن لەو پەیوەندییەی نێوان ئایینێکی دەرەکی لەگەڵ زمانێکی نێوخۆیی وەك کوردی بە هانامانەوە دێت بۆ تێگەیشتن لە فۆرمەکانی باوەڕداری و ئەو دەرکەوتە لۆکاڵییانەی دەشێ ئایینێکی هەمەگیر هەی بێ و لە ئاکامدا سێکتی ئەوتۆی لێ دەربکەوێ، یان کاریگەری بەسەریانەوە هەبێ، کە تایبەتمەندبوونی خۆیان لە شوێن و کات و زمانەکەوە وەردەگرن و لەنێویاندا دەژین. لێرەوە دەخوازین، لەم توێژینەوەیدا، لەوەبگەین کە چۆن زمانێکی لۆکاڵی وەك کوردی، بە زارە فرەجۆرەکانیەوە، کاردەکات بۆ خۆ دۆزیینەوە لە نێو باوەڕی ئایینی غەیرە زماندا، کە ئیسلام و عەرەبییە. بۆ ئەمەش دەبێ هەر لە قۆناغی ڕووبەڕووبونەوەوە دەست پێ بکەین؛ ئەو قۆناغەی زمان لە ئاکامی ژێرکەوتن و لەدەستدانی مافی بەکارهێنان لە کایەی ئایینی، خۆی لەگەڵ دراوە نوێیەکانەوە دەگونجێنێ، تا ئەوکاتەی لەنێو ئایینەکەدا ئاڕاستەیەك دەدۆزێتەوە لەگەڵ پێکهاتەی ئەو و قسەپێکەرەکانی ڕێك دێتەوە و ئەو هێزە بە زمانەکە دەبەخشێ، کە بتوانێ دیدی ئایینی و پیرۆزییەکانی ئەوان لەخۆ بگرێ، یان لایەنی کەم لە زەمینە کۆمەڵایەتییەکەدا تێگەیشتراو بێت.

بینینی ئەم وەرچەرخانە لە نێو زمان کارێکی ئەستەمە، بەتایبەت ئەگەر زمانەکە پتر لە ئاستی زارەکیدا مابێتەوە و نەیتوانیبێ لە سەنتەرە شارستانییەکاندا پێگەی ئەوتۆ بۆخۆی دروست بکات، کە دەقی نوسراوی پێ بەرهەمبهێنرێ. کاتێك دەقی نوسراویش نەبێ، ئەوا ئەو زانیارییەی هەیە، تەنیا ئەوە دەبێ، کە لە نێو دەقی غەیرە کوردییەوە یاداشت کراوە. لە سەدەکانی ناوەڕاستیشدا ئەو دەقانە پتر عەرەبی و فارسین. ئیدی لەوێشدا زۆر بەدەگمەن لایان بە لای زمانی کوردی کردۆتەوە. هەر ئەمەش وا دەکات نەتوانین تێگەیشتنێکی ڕوون لە بارەی وەرچەرخانە زمانییەکان لە پانتایی کوردیدا گەڵاڵە بکەین. خۆ ئەم ناڕوونییەش بەشێکە لە پرۆسەی وەرچەرخانەکە و دەکرێ وەك دەرئەنجامێکی بەریککەوتنی زمانی کوردی و باوەڕێکی ئایینی غەیرە زمان بێت.

## ١: ئاستەکانی بەکارهێنانی زمانی کوردی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا

### ١:١ زمانی کوردی لەبەردەم هەژموونی ئایینی – سیاسی عەرەبیدا

لە ماوەی درێژی سەدەکانی ناوەڕاست، ئەو ڕەوشە نوێیەی، بە هاتنی ئیسلام و فراوانبوونی دەوڵەتی عەرەبی - ئیسلامی، زمانی عەرەبی خۆی تێدا بینیەوە، ڕێگەی گەشەسەندنێکی بێهاوتای لەبەردەمدا کردەوە. بۆ ئەوانەی دەبوونە موسڵمان، یان لە نێو ئیمپراتۆریەتە تازە دامەزراوەکە نیشتەجێبوون و پابەندی سیستەمە سیاسی - کارگێڕییەکەی بوون، دەبوایە کەم تا زۆر ئاشنایەتیان لەگەڵ پەیدا بکردبایە. موسڵمانە نوێیەکان، بۆ بەجێگەیاندنی ئەرك و سروت و تێگەیشتن و شرۆڤەی دەقە ئایینیەکان نەدەکرا ئەم زمانە پشتگوێ بخەن (الشرقاوي، ٢٠١٣:١٠١). ئیتر لە زۆربەی ئەو ناوچانەی بە ناوی "خانەی ئیسلام – دار الإسلام" دەناسران، عەرەبی هەژموونی کردە سەر سیستەمی بەڕێوەبردن و کارگێڕی و پەیوەندییە گشتییەکان. ئیبن خەلدون (م.٨٠٨ك/١٤٠٩ز) گوتەنی خەڵك وازیان لە زمانی خۆیان هێنابوو و ئەم زمانەیان بەکار دەهێنا (١٩٨١: ٣٠١). دیارە مەبەست لەو وازهێنانە، وازهێنانی میللی نییە، ئەوەندەی وازهێنانی دەستەبژێرانە بووە، لە پێناو خۆگونجاندن و پارێزگاری لە بەرژەوەندییەکان و تەماهیکردن لەگەڵ دەسەڵاتە سیاسی – کارگێڕییە تازە دامەزراوەکە. بێگومان ئەو شارستانیەتە تازە دامەزراوە، نەیدەتوانی بە ئاسانی دەستبەرداری زمانێك ببێ، کە زمانی باوەڕ و شەریعەت بوو و دەسەڵاتێکی ئایینی – ڕەمزی بۆ خۆی قۆرخکردبوو و ببووە پێکبەستی هەرە بنەڕەتی جیاوازییە ئیتنی و جوگرافی و...هتدەکانی پانتاییە شارستانییەکە. ئەمە سەرباری ئەو دەسەڵاتە کارگێڕییەی ئاماژەمان پێدا و ڕێگەخۆشکەربوو بۆ ئەوەی بتوانێ مانا و دەلالەت بۆ ئەو چەمك و دەستەواژانە دابڕێژێ، کە لەو پانتاییەدا بەکاردەهێنران.

ئەم ڕەوشە گشتییە لە پانتایی کوردیشدا، تاڕادەیەك هەروا بووە. ئەگەر لەوێ ئەم بەریەککەوتنە لەگەڵ عەرەب و زمانەکەیان، بە دامەزراندن یان نوێکردنەوەی هێندێك بنکەی شارستانی و شاری شێوە سەربازگە دەست پێ دەکات، بە تایبەت لە کەنارەکانی وڵاتەکە[٢]، ئەوا بەرەبەرە زمانە تازە هاتووەکە لەو زەمینە جوگرافییەدا کەسێتییەك بۆخۆی دادەڕشت و دەبووە ئامرازی پەیوەندی نێوان گرۆیە ئیتنی و تەنانەت ئایینیەکانیش. تێکەڵ بوونی ئەم گرۆیانە، لەوانەش کوردەکان، بە عەرەبەکان و نیشتەجێبوونیان لەگەڵ یەکتر، یان بەشداریکردنیان - هەر لە سەرەتای حوکمڕانی ئومەوییەکانەوە (٤١-١٣٢ك/ ٦٦٢- ٧٥٠ز) - لە چالاکی سیاسی و بزاوتی ئایینی هاوبەشدا (عزت، دون تاریخ)، ڕێگەی تێکەڵبوونی ئەوانی بەو ناوکۆییە زمانییە خۆشکردووە. ئیدی زۆری نەبردووە تا لەنێو کورداندا عەرەبی زان و شارەزا لە زانستە ئایینیە ئیسلامییە – عەرەبییەکان دەردەکەون (التمیمي، ١٩٥٢: ٢٣٨/٨؛ ابن الجوزي، ١٤٠٦هـ: ٢/١٥٥،٢٠٤). ئەم پرۆسێسەش زیاتر لەو ناوچانە ڕوویداوە، کە بنکەی شارستانی تێدا هەبووە، نەك ناوچە دوورە دەست و چیاییەکانی وڵاتی کوردان، کە بەریەککەوتنەکە سنوردار بووە و زۆر بەدەگمەن زمانی عەرەبی توانیویەتی کاریگەری خۆی هەبێ.

---

[٢] هەر بۆ نموونە تەماشای چۆنیەتی دەرکەوتنی عەرەبییانەی شاری موسڵ و کاریگەرییەکانی لە باکوری میزۆپۆتامیا (هەرێمی جەزیرە) بکە، (Chase F. Robinson, 2000: 63-89)

لە بەرامبەر بەم هەژموونەی عەرەبی، دەبوا زمانەکانی تر پێناسەیەکی تریان بۆ ئەرکی کۆمەڵایەتییانەی خۆیان بدۆزیبایەوە. بەرەنگاری هەرە سەختی بەردەم زمانەکانیش ئەوە بوو، کە چەندە دەتوانن لە ئاستی ئایینیدا گوزارشت لە پیرۆزییەکان بکەن و لەنێو سیستەمی دەلالیانەیاندا جێگە بۆ چەمك و دەستەواژەی ئەوتۆ بکەنەوە، کە تەواو لە نێو عەرەبیدا داڕێژراون. بۆ ئەوەی ببنە ئەو ئامرازەی لە زەمینە کۆمەڵایەتییەکەیاندا کەسێتی زمانەکەی خۆیان بمێنێ و تێگەیشتراو بێ لە کردەی خوداناسیی بۆ ئەو مرۆڤانەی ئایین تەواوی جیهانبینی ئەوانی داڕشتبوو و پتر بەمەوە دەیانتوانی پێناسەی خۆیان بکەن، نەك هەر چەشنێکی تری ناسنامە.

لە سەرچاوەکانی بەردەست زانیارییەکی ئەوتۆ لەبارەی بەکارهێنانەکانی زمانی کوردی، بە شێوەزارە فرەجۆرەکانییەوە، کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا پێی ناسراوە و وەك خەسڵەتی دیاری زمانەکە ئاماژەی بۆ کراوە[٣]، لەئاستی ئایینیدا نییە. لە راستیدا ئەم بەکارهێنانەی کوردی لە ئاستەکانی تریشدا هەر بە لێڵی دەردەکەوێ و ئەو دەقانەی بەردەست بایی ئەوە نین وێنەیەکی روونی رەوشی ئەم زمانەمان – بە تایبەت لە رووی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتییانەی زمانەکەوە - بۆ بنەخشێنن. بێگومان کاتێك زمانی کوردیش نەبۆتە زمانی نوسین، ئەوا بە پێی تێگەیشتنی سەدەکانی ناوەڕاست بۆ پێگەی زمان، ناچێتە چوارچێوەی ئەو زمانانەی بە زمانی شارستانی ئەژمار دەکران (الأندلسي، ١٩١٢: ٧-١٠) و دەقێکی ئەوتۆی پێ بەرهەمنەهێنراوە کە لەبەردەستدا بێ یان لەلایەن "زمانە شارستانییەکان" سودی لێ وەرگیرابێ. هەروەها پەراوێزخستنی باسی تایبەتمەندی و ئاستەکانی بەکارهێنانی لە لایەن مێژوونوسان و زمانناسانی ئەو قۆناغە هۆکاری سەرەکی ئەم لێڵییەن و رێگرن لە بەردەم نوسینەوەی مێژوویەکی دیار بۆ زمانەکە. تاڕادەیەك کە ئێمە بە هێڵە هەرە گشتییەکانی ئەم مێژووەش ئاشنا نین. هەر بۆ نموونە ئێمە نازانین بۆ تێگەیاندنی کوردان لە بیروباوەڕی ئایینی ئیسلامی، لە قۆناغی موسڵمانبوونیان لە دوای وڵاتگیری ئیسلامییەوە تا سەدەی سێیەمی کۆچی/ نۆیەمی زایینی، زمانی کوردی بەکارهێنراوە یان نا. لە سەرچاوەکاندا دەقێکی ئاوا بەردەست نیە باس لەم پرۆسەیە بکات. ئەگەرچی بەکارهێنانی زمانی غەیرە عەرەبی بۆ تێگەیاندنی خەڵکی ئاسایی لە باوەڕی ئیسلامی، لە رۆژهەڵاتی جیهانی ئیسلامی، رێگەیەکی باوی موسڵمانەتی و پابەندبوون بووە بە بنەماکانی ئایینەکە، وەك – بۆ نموونە – بەکارهێنانی زمانی فارسی لە ناوچە فارس نشینەکاندا (صفي الدين بلخی، ١٣٥٠هـ.ش: ٥) .

بەهەرحاڵ، ئەوەی لەو مێژووە دیار بێ، وەك تۆفیق (٢٠٠٨: ٩٥-٩٦)، لە لێکۆڵینەوەیەکی تایبەت بە ڕەوشی زمانی کوردی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا پێی گەیشتووە، هەبوونی قەوارەیەکی سەربەخۆییە بۆ ئەم زمانە و جیاوازبوونییەتی لە زمانەکانی دەوروبەر. بەتایبەت ئەوانەیان کە بوونەتە زمانی نوسین و هەژموونیان بەسەر زمانە زارەکییەکانەوە هەبووە، وەك زمانی فارسی کە تازە ئاماژەمان بۆ کرد. هەروەها بەکارهێنانی زمانی کوردییە لە کاروباری رۆژانە و لە ئاستە میللییەکەی، وەك زمانی ئاخاوتن و پەیوەندی گرێدان لە نێوان هۆز و خێڵە کوردییەکانەوە.

بەڵام کە دێینە بواری ئایینی، ئەم ئاستەی بەکارهێنانی زمانەکە بە تەواوی وون دەبێ و بۆ هیچ کامێك لە نوسەرە کلاسیکەکان، نابێتە بابەتی باسکردن. هەرچۆنێك بێت، لەم بوارەدا، بەو کەمە زانیارییەی

[٣] مەسعودی (م٣٤٦/٩٥٧ز) دەڵێ: (( هەر جۆرە کوردێك زمانێکی بە کوردی هەیە – لکل نوع من الأکراد لغة لهم بالکردیة)) (٢٠٠٠: ١٢٨/٢)، کە دیارە مەبەستی زارە کوردییەکانە، نەك زمانی سەربەخۆ.

هەیە، تەنیا دەتوانین ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە ئەگەر بەر لە هەژموونی عەرەبی، زمانی کوردی توانیویەتی گوزارشت لە پیرۆزیی بکات و ببێتە بەشێکی تێگەیشتنی نێوخۆیی باوەڕی ئایینی (ڕەنگە زیاتریش زەردەشتی) و پێکبەستی نێوان باوەڕداری کورد و گوتارە ئایینییە باوەکە، ئەوا لەگەڵ ئەم هەژموونەدا بەرە بەرە لەو پیرۆزییەی لەئاکامی ئەم پەیوەندییە بە چەمك و ووشەکانی بڕا بوو، بەتاڵ دەبێتەوە. لەم بوارەدا دەقێکی ڕوون نیە هاوکارمان بێت لە تێگەیشتنی باشتری پرۆسێسی داماڵینی پیرۆزی لە نێو زماندا. بەڵکو ئەمە پتر لە سیستەمی ناوی کەسییەوە دیارە، کە دەشێ قەبوڵکردنی ناوی عەرەبی لە جیاتی ئەو ناوانەی سەر بە سیستەمێکی جیاوازی کولتوری ناولێنان بوون، ئاماژەیەك بێ بۆ ئاستێکی تری بەکارهێنانی دەلالەتی ئایینی لە نێو زمانی بەکارهێنراودا. وەك – بۆ نموونە - لە ناوی ئەم کەسێتییە کوردانەی سەدەی سێ و چواری کۆچی/ نۆ و دەی زایینیدا دەردەکەوێ:

| ناو | ساڵی مردنی | ناساندن |
|---|---|---|
| محەمەد کوڕی خۆرزادی شارەزووری | ٢٦٧ك/٨٨١ز | یەکێك لە سەرکردە کوردەکانی خەواریج (ابن الاثیر، ٢٠٠٢: ٦٨/٦). |
| موسای کوڕی عیسای کوڕی یەزدانڕۆژ | سەدەی چوارەمی کۆچی/ دەیەمی زایینی | وەرگێڕێکی کورد، لەوانەی لە سەردەمی زێڕینی وەرگێڕاندا، بەشداریان لە گۆڕینی سەرچاوەی فارسی بۆ عەرەبی کردووە (تۆفیق، ٢٠١٣: ٧٩). |
| حوسێنی کوڕی عەلی کوڕی یەزدانیار | ٣٣٣ك/٩٤٥ز | سۆفی بەناوبانگی شاری ورمێ، کە خاوەن ڕێبازێکی سەربەخۆی سۆفیگەری بووە و بە ململانێی لەگەڵ سۆفییە دیارەکانی هاوسەردەمی ناسراوە، بەتایبەت ئەبوبەکری شبلی (لەشکری، B ٢٠١٣: ١٣٦-١٣٩؛ ١٩٨-٢٠٠) |

ئەم کەسایەتییانە ناوی باوکیان یان باپیریان (خۆرزاد، یەزدانڕۆژ، یەزدانیار) و ماناکەیشی لە دەرەوەی شێوازی پەیڕەوکراوی ناوانە لە کولتوری عەرەبی – ئیسلامیدا. بەڵام لە نێو کولتوری ئایینی پێش ئیسلامدا، ناوەکان مانایەکی ئایینی و قەبوڵێکی کۆمەڵایەتییان هەیە. کەچی لە کولتورە نوێییەکەدا – بەدەر لەدابەشبوونە مەزهەبییەکانیشیەوە- نەك، بۆ نموونە، ناونانی کەسێك بە "خۆرزاد = کوڕی خۆر" باو نییە، بەڵکو ڕەنگە بە دەرچوونیش دابنرێ لەو سیستەمەی کولتورییەی ئایینیەکە وەك گشتێك کاری پێدەکات. بۆیە ئەم ناونانە پێمان دەڵێت کە وەرچەرخانێك لە پابەندی ئایینی ئەم کەسانە بە تایبەت و زەمینە کۆمەڵایەتییەکەیان بەگشتی، ڕوویداوە و لێرە بەدواوە هەڵگری شوناسی ئیسلامین، نەك باوەڕێکی تری ئایینی نێوخۆیی (لەشکری، A٢٠١٣: ١٧١). بەمەش ئەو زمانەی پیرۆزی بە ناوەکان دەبەخشی چیدی ناتوانێ ئەم ئەرکە بەجێ بهێنێ و هانا بۆ زمانی عەرەبی هەمەگیر دەبردرێ، کە دەسەڵاتی ئایینی قۆرخ کردووە و پیرۆزیی لە خۆیدا چڕکردۆتەوە.

## ١: ٢ نەبوونی پاڵپشتی سیاسی – ئایینی بۆ بەکارهێنانی زمانی کوردی

ئەم گۆڕینەی سیستەمی ناونانە، ئاماژەیەکە بۆ نەمانی هەر پاڵپشتییەکی ئایینی – سیاسی، کە دەشێ پێشتر زمانەکە هەیبووبێ و ڕێگەخۆشکەر بووە بۆ جێگیربوونی پیرۆزیی تیایدا. تا ئەوکاتەش، کە دەسەڵاتی ناوەندی عەرەبی – ئیسلامی بەهێزە و هەژموونی بەسەر پانتایی کوردیدا هەیە، ئەوا ئەستەم دەبێ زمانەکە هیچ جۆرە پاڵپشتییەکی هەبێ، تا بتوانێ ببێتەوە زمانەی گوزارشتکردنی لە باوەڕی ئایینی، بەتایبەت لە ئاستی دەستەبژێری سیاسی و ئایینیدا.

لەبەرامبەر بەمە، ئەو قۆناغەی چاوەڕوانی ئەوەی لێ دەکرا، زمانی کوردی ئەم ڕۆڵەی هەبێ، قۆناغی گەشەسەندنی سیاسی کوردەکان و دامەزراندنی سیستەمی خۆبەڕێوەبردنە لە پانتاییە جوگرافییەکەیاندا. ئەمە لە سەردەمی باڵادەستی بوەیهییەکانەوە (٣٣٤- ٤٤٧ك/ ٩٤٥-١٠٥٥ز) دەست پێ دەکات، کە دەسەڵاتی نیمچە سەربەخۆی کوردی دادەمەزرێن ( میرنشینە کوردییەکان) و تا درەنگانێك ئەم سیستەمەی خۆبەڕێوەبردن گوزارشت لە گوتاری سیاسی ئەوان دەکات و وەك دابڕانێکی کوردی لە نێو مێژووی سەدەکانی ناوەڕاستدا دەبینرێ (Minorsky, 1953: 2,33). بەڵام لەم قۆناغەشدا زانیارییەکی ئەوتۆ نییە ئاماژە بۆ بەکارهێنانی کوردی لە کایەی ئایینیدا بکات. بە ووردبوونەوە لە مێژووی دەرکەوتنی ئەم قەوارانە، زیاتر ڕەنگدانەوەی داخوازییەکی کارگێری – کۆمەڵایەتی بووە؛ بە مەبەستی نەهێشتنی ئەو پشێوییەی کە دەشێ لە ئارا بووبێ، یاخود پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە دەسەڵاتییەی بەهۆی لاوازی سەنتەرەوە دروست دەبوو (عەبدوڵا، ٢٠١٢: ٩٠-١٠٩). بۆیە کەمتر دەرکەوتنی ئەم قەوارە سیاسییانە، گەشەسەندنێکی نێوخۆیی گوتاری سیاسی کوردی پێوە دیارە، کە بڕیاری دابێ لە دووتوێی سیستەمێکی ئاوای دەسەڵاتدارێتیدا خۆی بنوێنێ. ئەو کولتورە ئایینیەش کە لە سنوری دەسەڵاتدارێتی میرنشینەکە بەرهەمدەهات درێژکراوە و تەواوکەری کولتورە ئایینیە باوە سەنتەرگیرەکە دەبێ نەك جیاواز لەو. ئیدی – بۆ نموونە - هیچ زانیارییەك بەرچاو ناکەوێ ئاماژە بە بەکارهێنانی زارە کوردییەکان لە خوتبەی ئایینی ڕۆژانی هەینی بکات. ئەوەی لەبەردەستدایە ئەوەیە خوتبەی ئایینی بە زمانی عەرەبی بووە و نزا و پاڕانەوەی زانا ئایینیەکان بەم زمانە کراوە. گەڕیدەی ناوداری فارس ناصری خوسرەوی قوبادیانی (م.٤٨١ك/١٠٨٨ز)، لە پایتەختی هەریەك لە میرنشینی ڕەوادی (٣٤٣-٤٦٣ك/٩٥٤-١٠٧٠ز) لە هەرێمی ئازەربێجان و میرنشینی مەڕوانی(٣٧٢-٤٧٨ك/٩٨٢-١٠٨٥) لە دیاربەکر و جەزیرە، گەواهیدەری بەکارهێنانی عەرەبییە لە خوتبەی هەینییدا (ناصر خسرو، ١٩٩٣: ٤٨، ٥٢).

لە سنوری ئەم میرنشینە کوردییانەدا، خوتبەی دینی – ئەگەرچی ڕەمزێکە بۆ ڕەوایەتی دەسەڵاتدارێتییەکە – بەڵام هاوکات گوزارشتی لە پرۆسەی تەواوکاری ئایینی لەگەڵ سەنتەر دەکرد و ڕێگەی بەوە نەداوە باوەڕە ئایینیەکە، ، کە پاراستنی مەرجێکی بنەڕەتی دانان بووە بە ڕەوایەتی دەسەڵاتی میرنشین (الماوردي، ١٩٨٩: ٥٥)، لە ئاستی گوزارشت کردندا ناوخۆیی ببێتەوە و لە نێو زمانی ئەوێدا نیشتەجێ ببێ. هەربۆیە دەبینین، ئەگەر پشێوی نەدەما و سەنتەر بەهێز دەبوو، ئەم دەسەڵاتدارێتییانە مەبەستی بوونی خۆیان لەدەست دەدا، مانەوە و نەمانەوەشیان پەیوەست دەبوو بە ڕادەی هێزی خۆیان ( میرەکان بە تایبەت) نەك پشت ئەستور بە پاشخانێکی کولتوری – ئایینی کە ئەوانی لە دەوروبەر دابڕیبێ؛ واتا ئەو تۆڕە پەیوەندییەی پێویست بوو لە زەمینە جوگرافی – کۆمەڵایەتییەکەدا دروستی کردبێ و پاڵپشتی

مانەوەی بکات و روخانی سیستەمەکە وەك هەڵوەشێنەری سیستەمی پەیوەندییە تێکچرژاوەکان ببینرێ. بێگومان کە ئەمە سنوری دەسەڵاتدارێتی ئەم قەوارانە بووە، ئەوا زمانی پانتاییە ئێتنییەکە نەبۆتە بەشێکی کردەی سیاسی ئەوان و وەك زمانی بەڕێوەبردن و دەسەڵاتدارێتی فۆرمەلە نابێ. بەمەش هێزی گوزارشتکردنی لە باوەڕی ئایینی پێ نادرێ، تەنیا لە سنورە میللییەکەی بەکارهێناندا دەمێنێتەوە.

## ١: ٣ بوونی زۆرینەی کورد بە شافیعی و پیرۆزی عەرەببون

ئەگەر دەسەڵاتی سیاسی هاوکار نەبووە، لە برەوسەندنی زمانی ئایینی کوردی، ئەوا ئەو ڕێبازە ئایینیەش، کە بەرەبەرە لە پانتاییەکەدا باڵادەست دەبوو، سنورێکی شەرعی بۆ ئەم برەوسەندنە داناوە، کە ئەویش ڕێبازی شافیعییە. بوونە شافیعی بەشی هەرە زۆری کوردەکان لە سەدەی پێنجەمی کۆچی/ یانزەی زایینی بەدواوە، هەروەها پەرگیری برێکیان لە پەیڕەوکردن و پشتگیریکردنی ئەم ڕێبازە لە وڵاتەکەیاندا (سید مرتضی، ١٣٨٣: ٩٩)، ئەگەری بەکاربردنی زمانی کوردی لە نێو گوتاری ئایینیدا کەمتر کردۆتەوە، بەتایبەت لە لایەن دەستەبژێری ئایینی و سیاسییانەوە.

ڕێبازی محەمەدی کوڕی ئیدریسی شافیعی (م. ٢٠٤ك/٨٢٠ز) ڕێبازێکی عەرەبیخوازانەیە؛ لای شافیعی (دون تاریخ: ٤١-٤٩)، زمانی عەرەبی کۆڵەگەیەکی هەرە بنەڕەتی ناسنامەی ئیسلامەتی پێکدێنێ، چونکە پێی وایە ئەمە زمانێکی گشتگیرە و لە هەموو زمانێکی تر سیستەماتیك ترە، هەر بۆیە پەرگیرانە رایدەگەیەنێ کە قورئان بە عەرەبییەکی پەتییە و ووشەی هیچ زمانێکی تری تێدا نییە، بۆیە مرۆڤی موسڵمان ئەو کەسەیە کە عەرەبی دەزانێ. بەجۆرێك کە، بە بڕوای ئەو، عەرەببوون و موسڵمانبوون لە یەکدی جودا نابنەوە و موسڵمانی نا عەرەب دەبێ زمانی خۆی جێبهێڵێ تا ببێتە بەشێکی قەوارەی ئوممەتی ئیسلامی. ئیدی ئەوەی زمانی خۆی جێبهێڵێ و بەرەو عەرەب بچێ، ئەوا لە ئەهلی ئیسلام دادەنرێ (السید، ١٩٩٣: ١٢٦-١٢٨). بێگومان شافیعی هەر بە پیرۆزکردنی رەهای زمانی عەرەبی و حەتمییەتی زانینی ناوستێ، بەڵکو جەخت لەسەر حەتمییەتی عەرەببون لە پرۆسەی دەسەڵاتدارێتیشدا دەکاتەوە، کە دیارە مەبەست قوڕەیشێتی دەسەڵاتدار و فەزڵی قوڕەیشە بەسەر خەڵکی ترەوە، کە – وەك ئەبو زەید (٢٠٠٣: ٤١) بۆی چووە – ئەوەند بە گرنگی زانیوە تا وا دەردەکەوێ بردبێتیە سەرووی بنەما ئیسلامییە هەمەگیرەکانەوە، ئەوانەی جەخت لەسەر یەکسانی عەرەب و غەیرە عەرەب دەکەنەوە.

ئێمە ووردەکارییەکانی کاریگەری ئەم تێزانە بەسەر تێگەی کوردەکانمان لەبەر دەستدا نییە. بەڵام ئەوە دەزانین کەوا کاریگەری دوورمەودای بەسەر نواندنی ئەم دەستەبژێرە بۆ کوردبوونی خۆیان بە گشتی هەبووە. تا ئەوکاتەی لە فیقهی سیاسی شافعییدا دەسەڵاتدارێتی پەیوەستە بە عەرەببوونەوە لە دەرەوەی رەسەنی قوڕەیشیدا فەرمانڕەوایەتی شەرعیەتی دینی بەدەست ناهێنێ، ئەوا باشترین ڕێگا بۆ دەسەڵاتداری کوردی پەیوەست بەم ڕێبازە ئایینیە، خۆگێڕانەوە و خۆتواندنەوە دەبێ لەنێو رەسەنێکی عەرەبییانەدا، کە لە زوویەکەوە، لە سەدەی هەشتەمی زایینیەوە، لە نێوی کولتوری مێژوونوسیی عەرەبیدا بانگەشەی بۆکراوە و وەك فاکتی مێژوویی خراوەتە ڕوو (بولادیان، ٢٠١٣: ٦٥-٣١). لەلایەن دەستەبژێری کوردیشەوە پاڵپشتی لێ کراوە، بەجۆرێك لە جۆرەکان لە دروستکردنی ئەم گێڕانەوانە و برەو پێدانیاندا بەشدارییان کردووە و

بەپێی ئەوەی مەسعودی (٢٠٠٠: ٤٣٦/١) باسی دەکات کورد بە هەڵبژاردنی ڕەچەڵەکی عەرەبی بۆخۆیان ڕازی بوون. تا وای لێ دێت هێندێك لە فەرمانڕەوا کوردەکان، کە ڕەنگە لە هەموویان دیارتر و ناسراوتر بنەماڵەی ئەیوبی بێت، بۆ سەلماندنی عەرەببوونی خۆیان کتێبی مێژوویی دەنوسن تا "کوردبوون" وەك تۆمەت لەسەر خۆیان لاببەن[4]. بێگومان ئەو تێگەیشتنە لە ڕەوایەتی دەسەڵاتدارێتی، ڕێگر دەبێ لەبەردەم گرنگیدانی دەسەڵاتییانە بە زمانی کوردی و هەر هەوڵێکی جێگیرکردنی زمانەکە لە نێو گوتاری ئایینی پەیڕەوکراو لە زەمینەی فەرمانڕەوایەتییەکەدا و ڕێگە بەوە نادرێ وەك زمانی دەستەبژێر ببینرێ و هەردەم وەك زمانی خەڵکی سادە و نەخوێندەوار دادەنرێ.

هەرچۆنێك بێت، عەرەببوون و خۆداماڵین لە کورد، بە قۆناغێکی گرنگ لە قۆناغەکانی موسڵمانبوون و تەماهیکردن لە عەقیدەدا دادەنرێت. لەو کاتەدا خۆ بردنەوە سەر عەرەب پێگەی کۆمەڵایەتیی کەسەکەی بەرز دەکردەوە، بۆیە وەرگرتنی ڕیشەی عەرەبی لەلایەن بەشێك لە کوردەکانەوە دەمانخاتە بەردەم قۆناغێکی نوێ لە قۆناغەکانی خۆپێناسەکردنی کورد و پێکهاتنیان و گەڕان بەدوای خوددا لەناو پێدراوەکانی (ئەویتر)ی باڵادەست و یادەوەرییە مێژووییەکەیدا. ئەمە جۆرە مێژوویبوونێکی کەسێتیی کوردی دەهێنێتە ئارا تا لە ناو ڕەوشە نوێیەکەوە جێگەی ببێتەوە. بەمەش ئەمە کردەیەکی ئاگایانەیە بۆ دیاریکردنی ماهیەتیان بەپێی (ئەویتر) و زانینە مێژووییەکەی و پاشان تێکەڵبوونە لەگەڵ ئەو (ئەویتر)ەو بەشداریکردنیەتی لە ئەندێشەیدا. ئیدی توانەوەی کوردەکان لە ڕیشەی عەرەبیدا هەوڵێکە بۆ دەرچوون لە پەراوێز و چوونە پاڵ ئەو بوارەی دەسەڵاتی ناوەندیی خاوەن ڕەهەندی ئایینی هەژموونی هەیە. بۆیە ئەم هەوڵەی کورد ڕەهەندێکی سیاسیشی هەیە و دەیەوێت بەهۆیەوە لە جەرگەی ڕووداو و دەسەڵاتە ڕامیارییە جیاوازەکاندا شەرعیەت بدات بە دەسەڵاتی کوردی و بوونی کوردەوە[5]. لێرەدا پڕۆسەی ڕەچەڵەکگەری کردەیەکی کوردانەیە و دەستە خوێندەوارەکە بە ئاگاداری و ئاگاییەوە لەهەوڵێکدا بۆ سەلماندنی بوونیان و دەستەبەرکردنی دانانان بە شەرعیەتی ئەم بوونەدا، ئەنجامیان داوە (لشکری، ٢٠٠٤: ١٠٢-١٠٣).

کە ئاوا زمانی کوردی لە ماوەی درێژی مێژووییدا نابێتە خەمێکی کوردانە ؛ خەمی دەستەبژێری سیاسی و ئایینی. ئیدی ناتوانێ لە ئاستی نوسیندا لە نێو باوەڕێکی ئایینی هەمەگیر و خودان زمانی پیرۆزی خۆی ( ئیسلام و عەرەبی)، جێگەی خۆی بکاتەوە. تەنانەت هەر بەکارهێنانی زمانەکە لە دەقی ئایینیدا، وەك بابەتێکی" بیرلێنەکراوە" دەمێنێتەوە. لەبەرامبەردا زمانی هەژمونگەرا، لەڕێگەی باڵادەستی سیاسی – کارگێڕیی و زانستی و ئامادەیی ڕەگەزی عەرەبی لە پانتایی کوردیدا، هەروەها موسڵمانبوونی کوردان، بەرەبەرە دەخزێتە نێو زمانە زارەکییەکە و پڕی دەکات لەو چەمك و دەستەواژانەی بۆ تێگەیشتن و بەکارهێنانی ڕۆژانە گرنگ بوون، بە تایبەت چەمك و دەستەواژەی ئایینی. بەمەش بۆیە پێکهاتەی زمانلە

---

[4] هەر بۆ نموونە بڕوانە چۆنییەتی داکۆکیکردنی مەلیك ئەمجەدی ئەیوبی (م. ٦٧٠ك/١٢٧١ز ) لە ناسنامەی عەرەبییانەی بنەماڵەکەی و ڕەتکردنەوەی کوردبوونیان (١٩٧٨: ٤٤-٤٨).

[5] شاعیر و میری کورد حوسێنی کوڕی داودی فێنکی لە هۆزی بەشنەوی کوردی، کە هاوسەردەم و لایەنگری میر بادی کوڕی دۆستەکی، دامەزرێنەری میرنشینی مەڕوانی کوردییە. لە چەند دێرە شیعرێك بە عەرەبی، پاڵپشتی لەو بۆچوونەی سەرەوە دەکات، بەتایبەت کاتێ لە دێڕێکیاندا دەڵێ:

مفاخر الكرد في جدودي      ونخوة العرب فى انتسابي (الأصبهاني، ١٩٦٨: ٥٤١/٢)

واتـە: شـانـازیەکانی کورد لە باپیرانمدایە و جوامێری عەرەب لە ڕەچەڵەکمدا.

هەردوو ئاستی فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژیدا گۆڕانی بنەڕەتی بەسەردادێ. ئەمە ئاکامەکانی ئەوکاتە دەردەکەوێ، کە شێوەزارە کوردییەکان هێزی داڕشتن و نوسین پەیدا دەکەن. ئەمە لە شیعری کلاسیکی کوردیدا دیارە، هەر لە مەلای جزیری(م. ١٦٤٠ز) یەوە، وەك شاعیرێك کە لە کۆتاییەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا ژیاوە، بگرە تا – بۆ نموونە – مەحوی (م. ١٩٠٦ز)، وەك یەکێك لە دوایین گەورە کلاسیك (شوان، ٢٠١٠).

## ١: ٤ هەوڵی گوزارشتکردن بە زمانی کوردی لە پیرۆزی ئیسلامیی لە ئاستی میللییدا

تەواوی ئەوەی گوتمان، بەو مانایە نییە، لە ماوەی درێژی سەدەکانی ناوەڕاستدا زمانی کوردی هێزی گوزارشتکردنی لە ئایین و پیرۆزیی بە گشتی نەبووبێ، بە تایبەت لە ئاستی میللیدا. ئەو ئاستەی فێربوونی زمانی عەرەبی و تێگەیشتن لە دەقە ئایینیەکاند زۆر ئەستەم بووە، ئەگەرچی پێداویستییەکی ڕۆژانەش بووە. بەڵام ئەم گوزارشتە پەیوەست بە پێکهاتەی کۆمەڵگای کوردی ئەوکات بووە، کە چوارچێوەیەکی دیاریکراوی بۆ باوەڕداری و سەرەدەری لەگەڵ دەقی ئایینیدا هەبووە. ئیدی پێکهاتەی خێڵەکییانەی کوردەکان و زاڵبوونی دیاردەی کۆچەری و نیمچە کۆچەری، تایبەتمەندی هەرە باوی سیستەمی کۆمەڵایەتییان بووە (توفیق، ٢٠٠٧: ١٠-١١)، تا ڕادەیەك دەستنیشانی سنوری پەیوەندی ئەوانی بە دەقی ئایینی کردووە. خۆ لە ئاستی گشتی چاودێریکردنی ئەم چەشنەی کۆمەڵگادا دەردەکەوێ نەخوێندەواری خەسڵەتی باوی ئەم چەشنە سیستەمە. ئەمەش وا دەکات بە کەمی دەقە بنەڕەتییە ئایینیەکان بناسن (لە بابەتەکەی ئێمە: دەقی قورئان و فەرمودە و فیقهی و...هتد). تەنانەت بەکارهێنانی ئەم دەقانەش لە بەجێگەیاندنی سروتە ئایینیەکان (بەتایبەت نوێژ) زیاتر وەك ئامرازێکی باوەڕییانە و پەرستنییانە و گوتنەوەیەکی رووکەشییانەی بێ قووڵ بوونەوە و ڕەنگە ناتێگەیشتووانەش بووبێ، چونکە بەگشتی وەك توێژەرێك دەریخستووە، ئەو کۆمەڵگا موسڵمانانەی دیاردەی کۆچەریی بەسەریاندا زاڵە، زۆر کەم لەبارەی ئیسلامی دەق دەزانن، تەنیا ئەو ڕەهەندەی نەبێ کە کردەکییە و لەگەڵ باوەڕی باو ڕێکدێتەوە (التليلي، ٢٠١٠: ٥٣). دەق تەنیا وەك ڕەمزێکی باڵای پابەندی ئایینی و روخساری پیرۆزی ناسنامەکەیان دەمێنێتەوە. هەر ئەمەشە وایکردووە لە زەمینەی کۆمەڵایەتی ئاوادا ئاین پەیوەستی نەریت و ویژدانی بۆماوەیی بێت، پتر لەوەی گەڕانەوە بێ بۆ ڕێنماییەکانی دەق و ڕێباز و بیرۆکەکان.

کاتێك سەرەدەری کردن لەگەڵ دەقی ئایینی ئاوا ئەستەم بێت، ئەوا بێگومان گوزارشتکردن لە باوەڕداریش لەم ئاستە میللییەدا، پەیوەست دەبێ بە توانای زمانیی کۆمەڵگاکە و گونجاندنی لەگەڵ ئەم توانایە و ئەو سیستەمە دەلالییەی هەیەتی. بۆیە ئاسایی دەبێ، ئەگەر هانا بباتە بەر خەزێنەی زمانیی خۆی کە ناعەرەبییە و لەوێوە مانا بۆ ئەو ڕەمز و ڕەگەزە ئایینیانە بدۆزێتەوە، کە لە ناوکۆیی باوەڕەکەدا، بە عەرەبی، مانای تایبەتی خۆیان هەبووە. بۆیە دەبینین کوردی موسڵمان، لە سنورێکی بەرتەسکدا، ویستویەتی ئەو ئایینەی کە نامۆ بوو بە سیستەمی دەلالی و مانایی زمانەکەی ئەو، لەگەڵ ووشە پیرۆزکراوەکانی خۆیدا بگونجێنێ؛ (الله = خودێ، خودا، یەزدان. صوم = ڕۆژوو. صلاة = نوێژ . جنة = بەهەشت. جحيم = دۆزەخ، دۆژە و...هتد). ئەم پرۆسەیەش، گۆڕینی مانا و دەلالەتە ئایینیکانی چەمکەکانی لەگەڵ خۆیدا هێناوە. چونکە بەراوردێکی سادەی نێوان ئەو سیستەمە کولتورییەی ووشە لۆکاڵییەکانی تێدا بەرهەمهاتووە ( کە پتر

لەوە دەچێ ترادیسیۆنی زەردەشتی بێ)، لەگەڵ تێگەی ئیسلامی – بۆ نموونە – بۆ بەهەشت و دۆزەخ، ئەم پرۆسێسی گۆڕینە دەردەخات. ئەوەی لێرەدا ڕوویداوە، لە سنوری ئەو وەرگێرانەدا ماوەتەوە کە بەشێوەیەکی گشتی لە پەیوەندی دیاریکراوی نێوان داڵە هەمەچەشنەکان لەسەر مەدلولی هاوبەشی باوەڕییانە، کە هەستەکین، دروست دەبێ (فرای، ٢٠٠٩: ٤١). کە باس لە "الله" دەکرێ و لەبەرامبەر بەویش "خودێ، خودا، یەزدان" هەن، ئەوا بەرەبەرە لە خەیاڵدانی کۆمەڵایەتیدا خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی "الله" لەو ناوە لۆکاڵییانەدا جێ دەکرێتەوە و گوتاری باوی ئایینی ڕێگە بە بەکارهێنانیان دەدات.

جێگەی ئاماژە پێدانە، مانەوەی ئەم چەمك و ناوە پیرۆزە پێش ئیسلامییانە لە نێو کورداندا، لەلایەن پەیڕەوکارانی ئایینی تریش درکی پێکراوە، بە تایبەت کریستیانەکان، بۆیە ئەگەر ویستبێتیان بە زمانی کوردی دەقی ئایینی خۆیان بەرهەمبێنن، ئەوا هانایان بۆ ئەو ناو و دەستەواژانە بردووە کە لە نێو زمانەکەدا گوزارشتی لەو پیرۆزییە کردوە کە ئەوان ویستویانە دەری ببڕن. ئەمە لە کۆنترین تێکستی ئەرمەنی دەردەکەوێ، کە تا ئێستا لەبەردەست بێ و ڕستەیەکی کوردی تێدا یاداشت کرابێ. ئەو تێکستە کاتی خۆی، لە پەنجاکانی سەدەی بیستدا، مینۆرسکی (٢٠٠٧: ٢١٧) پێی وابووە کۆنترین دەقی نوسراوی کوردییە و هی سەدەی چواردەیەمی زایینیە و بەم چەشنەیە:

"پاکژ خودێ، پاکژ زەخم، پاکژ ڤیمەرگ، کو هاتی خاچێ مە، عەسکەرێ مە، ڕەحمەتێ مە"

بەهەرحاڵ، لە زەمینەی کوردیدا، تەنیا بە گونجاندنی ناو و چەمکە لۆکاڵییەکان لەگەڵ ناو و چەمکە هاتووەکان، نەوەستاون. بەڵکو هێندێك لە ووشانەی کە دەهاتن لە چوارچێوەی تایبەتمەندی زمانە لۆکاڵییەکەدا لەخۆ دەگیران. ئەوەتا هەندێ لە چەمك و ووشە و ناوە ئایینیە عەرەبییەکان، کەوتوونەتە ژێر کاریگەری یاسا و ڕێساکانی زمانی کوردییەوە، لە چوارچێوەی ئەوەی پێیدەگوترێ گونجاندنی فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی. ئەوەتا – بۆ نموونە – ناوی "محمد"، وەك ناوێکی پیرۆزی ئیسلامی، دەبێتە: مەم، مەمۆ، مەملان. تەنانەت ئەگەر لە دەقە فەرمی و ئەو دراوانەی لەلایەن میرە کوردەکانەوە لێ دەدران شێوە عەرەبییەکەی ناوەکە دەنوسرا، ئەوا لە ئاستە میللییەکەیدا گۆکردنە کوردییەکەی باو دەبێ و بەکار دەهێنرێ (Heidemann, 1997-1998: 600-601). بێئەوەی ئەمە بە مانای کەمکردنەوەی بەهای پیرۆزی خودی ناوەکە بێت.

ئەم نموونانە دەریدەخەن، کە ئێمە لەبەردەم ڕەهەندە کردەکییەکەی ئایین داین. ئەو ڕەهەندەی تیایدا بنەما ئایینیەکان ڕاستەوخۆ پەیوەستن بە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتییەوە و وەك بنەمای چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی کۆمەڵگا دەردەکەون، ئەوا بێگومان پەنا بردراوەتەوە بەر زمانی کوردیەوە. وەك لە بواری دادوەریدا دەبینین زمانی کوردی بەکارهێنراوە. مێژوونوسی هەولێر ئیبن مستەوفی(م. ٦٣٧ك/١٢٣٩ز)، باسی قازییەکی شارەکە دەکات، کە ئەویش ئەبوبەکر محەمەدی کوڕی عەبدوڵای کوڕی ئەبوبەکری ماهانی ( ٥٤٦ – ٦٢٧ك/ ١١٥٢-١٢٣٠ز)، کە زمانی کوردی بەکارهێناوە (١٩٨٠: ١/١٥٨-١٥٩). ئەمەش لە پێناو نەهێشتنی هەر هەر کێشە و پشێوییەك دەبێ، کە ڕەنگە لە تێنەگەیشتنی دەقە شەرعییەکانی پەیوەست بە دادوەرییەوە دروست ببێ.

بەڵام ئەو ئاستەی بەکارهێنانی زمانەکە، هاوکار نەبووە لە بەرهەمهێنانی دەقی ئایینی، کە تەواوی بنەماکانی ئایینەکە لە نێو خۆیدا جێ بکاتەوە. خۆ ئەگەر دەقیش هەبووبێ، ئەوا بێگومان لە ئاستی زارەکیدا ماوەتەوە و درێژی ماوەی نەنوسینەوەش رێگر بووە لەبەردەم بەوەی یادەوەری دەستەجەمعی بتوانی وەك خۆی پارێزگاری لێ بکات. بێگومان دەوڵەمەندی ئەدەبیاتی زارەکی کوردی بە حەکایەت و بەیت و بەسەرهاتی ئایینی، لەبارەی ڕووداو و کەسایەتی و ڕەمزە دیارەکانی نێو خەیاڵدانی ئیسلامی (وەك: مەولودی پێغەمبەر، شەڕ و غەزاکانی، کەسێتی عەلی کوڕی ئەبو تالیب و کوڕەکانی حەسەن و حوسێن، شەڕەکانی وڵاتگیری ئیسلامی و...هتد)، پاڵپشتی لەو بۆچوونە دەکەن و ئاماژەن بۆ چۆنیەتی خوێندنەوەی میللییانەی ئیسلام و مێژووەکەی لە نێو کورداندا. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو دابڕانە زمانییەی نێوان ئەوان و باوەڕەکە، بەدگومانی لە لای ئایینی دروست کردوە و رەخنەی ئەوەیان لێ دەگیرا، کە بە تەواوی لەو ئاستەدا لەگەڵ یاسا و رێسا ئایینیەکان تەماهیان نەکردووە و تێکەڵ نەبوونە و سادە و ساکارن لە تێگەیشتنیان بۆ ئایین و جێبەجێکردنی سروتەکانی. (الغزالي، ١٩٩١: ٣٧٠/٢-٣٧١).

دواجار، رەنگە ئەو پرسیارە بکرێ، کە – ئەگەر رەوشەکە ئاوابوو – بۆچی زمانی کوردی بە شێوەزارە فرەچەشنەکانیەوە، کە نە دەسەڵاتێکی سیاسی و نە دەقێکی ئایینی هەژموونگەرا و نە فەرهەنگێکی نوسراوی دەوڵەمەند پاڵپشتی لێ نەدەکردن، نەمرد؟ یان عەرەبی لەجێی ئەودا نەبووە زمانی میللی؟ بەتایبەت لە بنکە شارستانییە گەورەکاندا، کە لەوێدا ئەو پەیوەندییانەی شارەکانی بە جیهانی عەرەبی – ئیسلامی دەبەستەوە هاندەر بوون بۆ گۆڕانەکە، بەتایبەت پەیوەندی سیاسی – کارگێڕی و زانستی و خۆ گەڕاندنەوەش بۆ سەر ڕەسەنی عەرب پرسێکی زیندوو بووە. وەك – بۆ نموونە – لە شارێکی وەك هەولێر بەرچاو کەوتووە و لەلایەن گەڕیدەی ناودار یاقوتی حەمەوی( م. ٦٢٦ك/١٢٢٩ز) تێبینی کراوە، کاتێك دەڵێ: ((وأكثر أهلها أكراد قد استعربوا – زۆرینەی خەڵکەکەی کوردن بوونەتە عەرەب)) (١٩٧٧: ١٣٨/١). بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێ، لەبەردەم ئەم بە عەرەببوونە سنورێك هەبووە، رێگر بووە لە تەواو توانەوە لە نێو شوناسی عەرەبێتیدا، هەبوونی خێڵە کوردییەکان وەك پێکبەستی نێوان شار و گوند، بازاڕێك کە کوردەکانی تێدا کۆدەبێتەوە و چالاکییە ئابورییەکانی خۆیانی تێدا دەنوێنن، وا دەکات زمانەکە لە ئاستی زارەکییدا بە زیندوویی بمێنێتەوە و وەك بینیمان بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە و گیروگرفتەکانی پانتایی شارەکە بەکاربهێنرێت. خۆ ئەگەر خەڵکە ئاساییەکەی ئەوێش – نەك دەستەبژێر - هەوڵبدەن بە عەرەبی گوزارشت لە خۆیان بکەن، بە تایبەت بخوازن شیعری پێ بهۆننەوە، ئەوا بەرهەمەکانیان کرچ و کاڵ دەردەچێ و زۆرجار رووبەڕووی رەخنە دەبنەوە (ابن المستوفي، ٢٠١٣: ٧٥،١٦٥، ٣٦٧).

بێگومان، کە ئەمە رەوشی بەعەرەببون و بەکارهێنانی زمانی عەرەبی بێت لە ناوەندێکی شارنشینی پەیوەست بەم کولتورە و پابەند – لە رووی ئابوری و سیاسی و ئایینیە – بە پانتایی عەرەبی – ئیسلامی، ئەوا بێگومان لە ناوچە دوورە دەست و لە نێو خەڵکە ناشارییەکە زۆر کەمتر دەبێ و جێکەوتەی بینراوی نابێ. ئیدی کێشەی بوونە عەرەب تەنیا لە نێو دەستەبژێرێك دەمێنێتەوە، کە لەلایدا وەك بینیمان دارشتنی ناسنامەیەکی دانپیانراو بابەتێکی گرنگە.

بەکارنەهێنانی زمانی کوردی بۆ بەرهەمهێنانی گوتاری ئایینی و هەژموونی زمانی عەرەبی مانای ئەوە نییە کوردەکان لە باوەڕی ئایینی ئیسلامی دوور کەوتبنەوە، ئەگەرچی - وەك بینیمان - رەخنە لە

تێگەیشتنیان بۆ ئایینیش هەبێ. بەڵکو، بە بۆچوونی ئێمە، تێنەگەیشتن ئەوانی زیاتر پابەند کردووە بە زانای ئایینیەوە؛ بێئاگایی لە ناوەڕۆکی ئەمر و نەهییە ئایینییەکان و پێویستی جێبەجێکردنیان، وا دەکات پێگەیەکی نائاسایی بەو کەسە بدەن کە شارەزایە لێیانەوە. چونکە تا ئەو کاتەی کوردەکان پەیوەست بن بە ئایینەوە، ئەوا دەبێ بە زاناکانەوە پەیوەست بین، کە ئاگاداری بنەماکانن و راڤەکار و قسەکەرن بە ناوی دەقی بنەڕەتییەوە. لێرەوە ئەوەی زۆر خۆشەویست دەبێ و سەرمایەیەکی رەمزی گەورە لە ئاستی کۆمەڵایەتی بۆ خۆی پێکدێنێ، ئەوەیان دەبێ، کە بتوانێ هاوسەنگی لە نێوان زمانی ئایینی و زمانی خەڵکەکە رابگرێ. بتوانێ بە زمانی تێگەیشتراو ئایین و ماهییەتەکەی لە خەڵکەکە بگەیەنێ. ئەوەی ئەم کارەشی کرد زیاتر سۆفییەکان بوون، نەوەك دەستەیەکی تری لە شێوەی فەقیهەکان، وەك لەخوارەوە روونی دەکەینەوە.

## ٢: سۆفیگەری و چەند هەنگاوێکی داڕشتنی زمانی ئایینی کوردی

### ٢: ١ قەبوڵکردنی سۆفیگەری ئیسلامی لە زەمینەی کوردیدا

سۆفیگەری، وەك دەرکەوتەیەکی ژیانی رۆحانی ئایینی ئیسلام، بواری ئەوەی هەبووە لەدەرەوەی سەنتەرگیری زمانی عەرەبییەوە، گوتارە ئایینیەکەی دابڕێژێ. بێگومان نەك بەمانای نەفیکردنەوەی زمانی عەرەبی، بەڵکو بەمانای رێگەبەخۆدان بۆ بیرکردنەوە و گوزارشتکردن بەو زمانەی خۆی پێی دەدوێ. ئەمەش پەیوەستە بە مێژووی ئەم دیاردە ئایینیە، بەتایبەت لە قۆناغی فۆرمەلە بوونیدا. ئەو قۆناغەی، وەك قەرە مستەفا (2007: 143) بۆی چووە، پتر بریتی بوو لە چۆنیەتی تەشەنەکردنی بەرەبەرەی سۆفیان لە نێو کۆمەڵگا ئیسلامییەکانی دوور لە سەنتەری دەسەڵاتی ئیسلامی. ئینجا تێکەڵ بوونیان لەگەڵ باوەڕە میستیکییە خۆجێییەکان و بوونی سۆفیگەری بە رەوتی سەرەکی ئایینی لە نێو خەڵکی شارنشین و گوندنشیندا. لەوێدا، گەلی سۆفی باوەڕە ئایینیەکەیان برەوپێداوە و سیستەمێکی تایبەتمەندییان بۆ بوونە سۆفی و دەسەڵاتدارێتی رۆحانی لە نێو ئەلقەی خۆیان داڕشتووە. سۆفیگەری لەو شوێنانەدا نەك هەر جێگەی سەرنجی ناوەندە زانستی – ئایینیەکان بووە، بەڵکو هەر زوو بۆتە پێکهێنەری هەرە بنەڕەتی باوەڕداری میللی. وەك لە کوردستاندا ڕوویداوە.

لە نێو کوردان سۆفیگەری ئیسلامی، هەر لە قۆناغی سەرهەڵدانییەوە، لایەنی کەم لە سەدەی سێیەمی کۆچی/ نۆیەمی زایینیەوە، پەیرەوکاری هەبووە (المقدسي، ١٩٨٩: ٢٢٢-٢٢٣). خۆ ئەگەر لە دەستپێکدا چەند کەسێك، بەهۆی ئەزموونی رۆحانی و پەیوەندییان بە گەورە سۆفییانی دەستەی یەکەم، ئاشنایەتییان لەگەڵ سۆفیگەری پەیدا کردبوو، ئەوا لەسەردەمانی دوایی، وەك دیاردەیەکی بەربڵاوی ئایینی دەردەکەوێ. تەنانەت وەك ناسنامەی ئایینی هێندێك لە ناوچە کوردییەکان ئاماژەی بۆ دەکرێ و ژمارەی سۆفییان لە پانتاییەکەدا زۆر دەبێ (الثعالبي، ١٩٦٥: ٢٣١، ٢٣٨). تا بەرە بەرە وای لێ دێ دەبێتە کایەی هەرە باو و ویستراوی ئایینی و چەندین گەورە سۆفی کورد دەردەکەون و وەك رەمزی دیاری نێو کایەکە سەرەدەرییان لەگەڵدا دەکرێ. ئەوەی لەو ئەزموونە مێژووییەشدا جێگەی سەرنج بێ گونجانی سۆفیگەرییە لەگەڵ زەمینە کوردییەکەدا؛ توانیویەتی لەگەڵ چوارچێوەی تێگەیشتنی کۆمەڵ بۆ باوەڕداری خۆی بگونجێنێ

و پەیوەندییەکی تەواوکاری لەنێوان تایبەتمەندییە کردەکییەکانی سۆفیگەری و چەند دەرکەوتەیەکی شوناسی هەمەگیری مرۆڤەکان چێ ببێت (لەشکری، B ٢٠١٣: ١١).

بێگومان ئەم قەبوڵکردنەی سۆفیگەری، لەگەڵ خۆیدا گۆڕانکاری بەسەر زمانی ئایینی لە پانتاییەکەدا هێناوە؛ ئەگەر سۆفی دەیخواست لەوێ جێگەیەك بۆخۆی بکاتەوە و تێزەکانی جێکەوتەیان هەبێ، ئەوا دەبووا بەو زمانە گوزارشت بکات کە کارایی بە بوونی ئەو دەبەخشێ. ئەگەرچی سۆفیگەری وەك کایەیەکی ئایینی پڕ لە راز خۆی دەناسێنێ و لە میانەی کۆمەڵێك چەمك و دەستەواژەی ئاڵۆزەوە بنەماکانی باس دەکات و بیروباوەڕەکانی پێ دەخاتە روو، بەڵام لە رووی کرداریەوە زوو توانیویەتی لە کەسی سادە و رەشەخەڵك نزیك ببێتەوە و وەك رێبازێکی ئاسانی باوەڕداری تەماشای بکرێ و جۆرێك لە پەرۆشیی لەو ئاستە سادەیە بۆ تێگە باوەڕییەکەی هەبێ. ئەم بۆچوونە تەنیا پەیوەست نییە بە زەمینەی کوردی داردە ئایینیەکەوە، بەڵکو لە نێو میللەتە نا عەرەبەکان بە گشتی بەرچاو دەکەوێ. ئەوەتا سۆفییانی وڵاتی فارس، هەر لە سەدەی دووەمی کۆچی/هەشتەمی زایینیەوە، زمانی فارسییان بۆ گوزارشتکردن لە بیروباوەڕەکەیان بەکارهێناوە. ئەگەرچی ئەوەی لەوان بەجێماوە بریتییە لە چەند ووشە و رستەیەکی کەم، بەڵام دەریدەخەن کەوا بەکارهێنانی زمانی فارسی لە سنورێکی بەرفراواندا بووە و توانیویەتی جیهانبینی ئایینە نوێیەکە، لە رەهەندە عیرفانییەکەیدا، لەخۆ بگرێ. تەنانەت نەك هەر بۆ گوززاشتکردن لە پیرۆزی، بەڵکو هێندێکییان خودی زمانەکەش، کە فارسییە، بە پیرۆز دەبینین و پێیان وادەبێ شایستەی ئەوەیە گوززاشتی ئایینی پێ بکرێ (پورجوادی: ١٣٨٢ هـ.ش: ٨).

ئەمەی باسمان کرد، ئاماژەیە بۆ کرانەوەی کایەی سۆفیگەری، بەسەر کولتووری لۆکاڵی ئەو میللەتانەی تیایدا پەیڕەوکاری هەبووە. تا ئەوکاتەی سۆفیگەری ناسنامەی ئایینی خۆی لە خوداناسیدا چڕ دەکاتەوە نەك تەنیا خوداپەرستی، ئەوا بوارێك بۆ ئەوانە دەڕەخسێنێ کە نەیانتوانیوە بە باشی بەسەر زمانی عەرەبیدا ڕا بگەن و لنێو ئایینی ئیسلامیدا بە تەواوی تێگەی ئایینیانەی خۆیان بنوێنن. لەوانەش هێندێك لەو کوردانەی مەیلیان بەلای سۆفییاندا هەبووە و لە نێو ئەلقەی ئەواندا خۆاین بینیوەتەوە، ئەگەرچی شارەزاییەکی ئەوتۆیان لە زمانی عەرەبیدا نەبووە.

لەو پانتاییە کوردییەدا، چۆنیەتی بوونە سۆفی هێندێك لە کوردەکان، هەر لە دەستپێکی سەرهەڵدانی ئەم داردە ئایینیە و تا مێژوویێکی درەنگی، رێگەخۆشکەر بووە بۆ ئامادەیی بابەتی بەکارهێنانی زمانی کوردی یان عەرەبی لە گوتاری سۆفییانەیاندا. بەتایبەت کە زۆرجار سۆفی کورد وەك مرۆڤێکی ناو سروشت، یان رەشەخەڵك (العوام) خۆی دەنوێنێ (ڕێگر، نەخوێندەوار). ئەو کەسێك نییە لە شارەزابوون و خوێندنی زانستە ئایینیەکان و هەژموونی زمانی عەرەبییەوە پێگەیشتبێ، بەڵکو پەیوەست بە سروشتی کۆمەڵایەتی کورد و دوورەپەرێز دەرکەوتووە. بۆیە لەوە ناچێ، ئەم گروپەی سۆفییەی کوردەکان، شارەزاییان لە تەنانەت بنەما سەرەتاییەکانی ئەم زانستانەش هەبووبێ، ئەوەندەی وەك رەمزێکی هەقیقەتناس وێناکراون. بێئاگایی سۆفیانی کورد لە زانستە ئایینیە – عەرەبییەکان، جێگەی سەرنج و باسی ناوەندی فیقهی و سۆفیگەری بووە. ئەو خوێندنەوەیەش لە نێوەندی سۆفییاندا، لە دووتوێی گشتگیرکردنی وتەی بەناوبانگ" ئێوارە کورد بووم، بەیانی بووم بە عەرەب – أمسیت کردیاً و أصبحت عربیاً" روون و ئاشکرایە، تیایدا یەکانگیریی نێوان سادەیی کورد و قووڵیی حیکمەتی عیرفانی دەردەکەوێ. ووتەیەك کە

دراوەتە پاڵ چەندین سۆفییەوە، وەك: ئەبو عەبدوڵای بابونی، ئەبوبەكری كوڕی یەزدانیاری ورمێیی، بابا تاهیری هەمەدانی و ئەبولوەفای حولوانی (لەشكری،B ٢٠١٣: ٢٨٩).

گرنگی بەسەرهاتی ئەم حاڵ گۆڕانە لەوەدایە، كەوا ئاماژەیە بۆ نەویستراوی زمانی كوردی، لایەنی كەم لە كۆڕی فەقیهەكان. وەك زمانێك بۆ فێربوونی زانستە شەرعییەكان قەبوڵ نەكراوە، جێگەی گاڵتە پێكردنە، بەتایبەت كاتێك لەلایەن سۆفییەكەوە بەكار دەهێنرێ. بەسەرهاتەكە بە چەند شێوازێك دەگێردرێتەوە، باوترینیان ئەوەیانە كە شیرازی (م. پاش ٧٩١ك/ ١٣٨٩ز) لە كتێبەكەی خۆیدا (١٥٩:١٩٤٩-١٦٠)، لە كاتی باسكردنی ژیانی سۆفی كورد ئەبو عەبدوڵای بابونی، كە لە شاری شیرازی وڵاتی فارس گیرساوەتەوە و لە ساڵی (٣٧٣ك/ ٩٨٤ز) هەر لەوێدا مردووە، هێناویەتییەوە و دەڵێ:

> كوردێك چووە یەكێك لە قوتابخانەكان، بینی چەند خوێندكارێك خەریكی دەوركردنەوەی زانستەكان و خوێندن بوون. ئەویش پرسیاری شتێكی لێ كردن، بەڵام ئەوان پێی پێكەنین. گوتی: دەمەوێ هێندێك لەوەی ئێوە خەریكین فێرببم. ئەوان پێیان گوت: ئەگەر دەتەوێ ببیە زانا، ئەوا ئەم شەو شتێك لە بنمیچی ماڵەكەت ببەستە و (توند قاچی خۆتی لێ گرێ بدە) و تا بۆت دەكرێ بڵێ: كەزبەرە عەصفەڕە، ئەوكات دەرگای زانستت لەبەردەمدا واڵا دەبێ. ئەوان بەمە دەیانویست گاڵتەی پێ بكەن. ئیدی پیاوەكە چۆوە ماڵی خۆی، پەتێكی لە پێی بەست و توند لە بنمیچی خانوەكەدا گرێی دا. ئینجا بە نیەت پاكی و ڕاستی یەقینەوە ئەوەی بە گاڵتە گوتیان بیڵێوە دەیگوتەوە. تا بەرەبەیان شەونخونی كرد و نەخەوت و بە ئارەزوو و ویستەوە ووشەكانی ئەوانی دووبارە دەكردەوە. ئەوكات خودا دەرگای زانستی ئیلاهی بۆ خستە سەر پشت و سینگی بە نوری پیرۆز ڕەوان كرد. ئیدی بووە زانا و وەلی و لە نیعمەتی خودای گەورە دەدوا و وەڵامی هەموو شتێكی نادیار و نەزانراوی دەدایەوە و (لە گفتوگۆدا) لە هەموو نەیارانی دەبردەوە. بەمەش بووە ئایەتێكی دیار، كە خودا بۆ ئاگادار كردنەوەی خەڵك دەریخست. ئەمەش فەزڵی خودایە و بە هەر كەسێكی دەبەخشێ كە خۆی بیەوێ.

ئەمە پەڕینەوەیە لە ساكاری كوردانەوە( ئاشنا نەبوون بە زانستە ئایینیەكانەوە) بۆ قوڵایی عەرەبێتی (شارەزایی لەو زانستانە، بەوپێیەی عەرەبی زمانی بنەڕەتی ئەو شارەزاییە بوو لە پانتایی ئیسلامیدا). بە دەستەواژەیەكی تر ئەو كوردەی تێكەڵاو بە جیهانبینی سۆفییانە بووە، دەشێ لە شەو و ڕۆژێكەوە لە سادەیی كوردانەوە بچێتە نێو قوڵایی زانستە شەرعییەكانەوە. بەردەوامی گێڕانەوەی ووتەكە وایكردووە ببێتە حاڵێكی جێگیری سۆفییانە و گوزارشت لە رازێكی خودایی بكات كە ئاماژەیە بۆ ناسینی بێ پەردەی شەریعەت. هەروەها ئەو كەسەی وتەی ئاوای لە زار دێتەدەر، كەسێكە بێ شارەزایی لە بنەما ئەستەمەكانی ئەو شەریعەتە رێگەی خودایی دەدۆزێتەوە، بۆیە وەك گەورەی عارفانی فارس مەولانا جەلالەدینی رۆمی (م.

٦٧٢ك/١٢٧٣ز) گوتوویەتی بۆ سۆفییان بە گشتی پێویستە لەو رازی گۆڕانە لە حاڵی کوردییەوە بۆ حاڵی عەرەب تێبگەن[٦].

## ٢ : ٢ ئەبولوەفای کورد – نموونەی سۆفی سەرگەردان لە نێوان عەرەبی و کوردیدا

رەنگە ئەو سۆفییەی باشترین نموونەیەك بێت بۆ بەرجەستەکردنی ئەم تێگەیشتنە و بەکارهێنانی زمان لە لایدا بەو ئاڕاستەیدا رۆیشتبێ، سۆفی ناوداری کورد تاجولعارفین ئەبولوەفا محەمەدی حولوانی (٤١٧-٥٠١ك/ ١٠٢٦-١١٠٧ز) بێ؛ ئەو سۆفییەی کوردبوونەکەی تەواوکەری ناسنامە سۆفییانەکەی بوو. بەجۆرێك کە یەکێکە لەوانەی – لە ماوەی درێژی سەدەکانی ناوەڕاستدا – میللەتی کوردی پێ دەناسێنرێ (ابن عنبه، ١٣٤٦هـ.ش: ٣٧). ئەو لە رێگرێکەوە دەبێتە باوەڕداری یەکەمی کوردان، وەك لە ووتەی یەکێك لە موریدەکانی، کە شێخ عەبدولقادری گەیلانی (٤٧٠-٥٦١ك/ ١٠٧٧-١١٦٦ز)یە، دیارە کاتێك دەڵێت: "لە بەردەم قاپی هەق(خودا)دا پیاوێکی کورد نیە وەك شێخ ئەبولوەفا بێت – ليس على باب الحق رجل كُردي مثل الشيخ أبو الوفا" (التادفي، ١٣٥٦هـ: ٨١). ئەو لەنێو کوردەکان خۆشیاندا نازناوی کوردی خۆی هەبووە و پێی گوتراوە "کاکیس"؛ ئەم ووشەیەش بە "باوکی پیاوان" وەرگێردراوەتە سەر زمانی عەرەبی (الواسطي، مخطوط: ٥).

خەسڵەتێکی ئەم سۆفیە ئەوەیە لە قوڵایی وڵاتی کوردییەوە، بەتایبەت ئەو ناوچانەی سروشتێکی چیاییان هەیە و ببووە بەشێکی ناسنامەی کوردی و مۆڵگەی سۆفییان، دەرنەکەوتووە. بەڵکو لە ناوچە زۆنگاوییەکانی نێوان شاری بەصرا و واسطی خوارووی عێراق بووە. لەوێ، لەگەڵ ئەندامانی تیرەکەی کە نەرگسییەکانن و سەر بە هۆزی جاوانی کوردین، ژیاوە (مستەفا جەواد، ٢٠٠٨: ٥٠). واتا لە نێو ژینگەیەکی خێڵەکیدا بووە و رەفتار و نەریتی ئەم ژینگەیەی بەسەردا زاڵبووە و لە کاروکردەوەی رەنگی دابۆوە و بەر لە بوونی بە سۆفی خەریکی رێگریی و جەردەیی بووە (الشطنوفی، ١٤٠٣هـ :١٩١).

ئەو لەو زەمینەیدا، ئینجا هاموشۆکردنی شاری بەغداد و ئامادەبوونی لە کۆڕی زانا و فەقیهە ئایینیەکان، دەیخواست بە عەرەبییەکی باش بتوانێ گوزارشت لە تێگەی ئایینی خۆی بکات. بەڵام شێوە کوردی ئاخاوتنی عەرەبییانەی ئەو و زاڵنەبوونی بەسەر زمانی عەرەبی بە گشتی جێگەی رەخنە بووە (الواسطي، مخطوط: ٤٩) و وەك کەمایەتییەك تەماشاکراوە. ئەبولوەفا خۆی، یان لایەنی کەم پەیڕەوکارانی، درکییان بەم مەسەلەیە کردووە و ناچار بوونە بەهانەی بۆ بدۆزنەوە. ئەوە کێشەیەك بوو لە گەڵ ئەو

---

[٦] لە مەثنەوی (١٣٨٦هـ.ش: ١٢١ )دا هاتووە:

گفت پیغمبر کە هســـت از امتــم      کـو بـود هـم گوهـر هـم همـتـم
مر مرا ز آن نور بینـــد جانشـــان      که من ایشان را همی بینم بدان
بی صحیحین و أحادیث و روات      بلـلـك انـدر مشـرب آب حیـات
ســـر أمسیـــنا لکـردیــــا بـدان      راز اصبـحـنا عربیــا بخــوان

"پێغەمبەر گوتی لە ئوممەتی مندا هەن لە گەوهەر و هیممەتی مندان، ئەوانەی رۆحیان لەو نورەوە من دەبینێ کە من ئەوانی پێ دەبینم، ئەمەش بێ دوو صحیحەکە (صحیح بخاری، صحیح مسلم) و فەرمووده و گێڕەرەوانی، بەڵکو تەنیا لە سەرچاوەی ئاوی ژیاندا، بۆیە رازی "أمسیت کردیا" بزانە و هی "أصبحت عربیا" بخوێنەوە".

مەقامەی پێی درابوو و نائاسایی بوونی کەسێتییەکە و ڕەهەندە کەرامەتوێنییەکەی نەدەگونجا. بۆیە دەبووا هەر لە نێو ئەم ڕەهەندەدا چارە بکرێ. ئەمەش لە دووتوێی ئەوەی پێشتر بینیمان و بریتی بوو لە گۆڕانی حاڵ لە نەزانیی کوردییەوە بۆ زانایەتی عەرەبیی، سەرەدەری لەگەڵدا کراوە. بۆیە وا باس دەکەن لە دەستپێکدا شێوە ئاخاوتنی عەجەمییانە بەسەری زاڵبووە، کە مەبەست لێی کوردی بوو. بەڵام دواتر وەك عەرەبێك لە گوتارخوێنی و زیکر و شارەزایی لە زانستە ئایینیەکان ڕەوانبێژ بووە و خۆی دەیگوت منم کە : " ئێوارە عەجەم بووم و بەیانی عەرەب" (الواسطي، مخطوط: ٤٦). ئیدی لە نێو کولتوری سۆفیگەریدا (الوتري، ١٣٠٦هـ: ٢٨) وا وێنای کەسێتییەکەی دەکەن، کە بەشێوەیەکی غەیبانی توانیویەتی لە زانستە شەرعییە - عەرەبییەکاندا شارەزا بێت و وەڵامی تەواوی ئەو پرسیارانە بداتەوە، کە لەلایەن فەقیهەکانەوە – بۆ تاقیکردنەوە – لێیان کردوە، تا ناشارەزایی ئەوی سۆفی لەم بوارانەدا بسەلمێنن.

دواجار دەبێ ئەوە بڵێین، کە ئەگەر حاڵی گەورە سۆفییانی کورد ئاوابێ و لەبەردەم ڕەخنەی ئەوەدابنزمانی عەرەبی باش نازانن، وەك ئاکامێکی ئەمەش شارەزاییان لە زانستە ئایینیەکان نییە و ئاگادارییان لە بنەماکانی ئەم زانستانە لە ئاستێکی سادە دایە، ئەوا مانای ئەوەیە لە ڕووی زمانەوە کەمتر توانیویانە پابەندی عەرەبی ببن. نەك بەمانای دەرچوون لە چوارچێوەی پیرۆزییەوە، بەڵکو بە مانای ئەستەمی گوزارشتکردن بەم زمانە. ئەمە لە کاتێکدا لەو زەمینەی ئەوانی تێدایە، بەردەوام داواکراون بۆ نواندنی ڕۆڵی نائاسایی و ئەرکی چارەکردنی پشێوی کۆمەڵایەتی و ڕێنماییکردنیان بە گشتی خراوەتە ئەستۆیانەوە، تا وای لێ دێت درەنگانێك لەلایەن گۆتاری فیقهییەوە، کوردەکان بە پیرۆزکردنی نائاسایی شێخەکانیان تۆمەتبار دەکرێن.

## ٢ : ٣ بەکارهێنانی زمانی لۆکاڵی لەلایەن سۆفییانەوە

کە سۆفی ناتوانێ بە تەواوی بەسەر زانستە ئایینیە – عەرەبییەکان ڕابگات، لە هەمان کاتدا ئەو کایە ئایینیەی خۆی تێدا بینیوەتەوە داوای لێ دەکات گوزراشتی ئایینی هەبێ؛ چ لەگەڵ خۆی، چ لەگەڵ خودا، یان تەنانەت لەگەڵ کەسانی تر. تا ئەو حاڵ و مەقامەی تێیدایە شرۆڤە بکات و بەیانی بکات، ئەوا بێگومان پێویستی بەوە دەبێ، زمانێك بەکار بهێنێ لە بۆ خۆی و ئەو زەمینەی تێیدایە تێگەیشتراو بێت و بەکاربهێنرێ. ئەو زانیارییە مێژووییەی لەبەردەستدایە، ئاماژە بۆ زمانێك دەکات، کە لەپاڵ عەرەبی و فارسی باوبووە، بەتایبەت لە بەرهەمێنانی دەقی ئەدەبی و زیاتر وەك زمانی شیعری میللیی و ناوچەیی دەرکەوتووە، کە ئەویش زمانی "فەهلەوی"ییە. ئەو زمانەی وا لێکدەدرێتەوە پاشخانێکی مێژوویی دووری هەبێ و میراتگری پەهلەوی کۆن بێ و تاسەردەمی باڵادەستی عەرەبی ئیسلامییدا بەکارهێنرابێ(Tafażżolī,1999).

بەپێی دیاریکردنی دەقە کلاسیکییەکان بۆ جوگرافییای "وڵاتی فەهلەوی – بلاد الفهلويين"، دەردەکەوێ بەشێکی بەرچاوی دەڤەر و ناوچە کوردنشینەکان دەچنە چوارچێوەی ئەم وڵاتەوە، بەتایبەت ناوچەکانی ڕۆژئاوای هەرێمی چیا، کە بە چیای کوردان ناسرا بوو، وەك شارەکانی: هەمەدان، نەهاوەند، کرماشان، دینەوەر، ماە سەبدان و چەند شاری تر (تۆفیق، ٢٠٠٨: ١٠٣). ئەمەش ڕێگە بەوەدەدات بڵێین، لەو پانتاییە بەشێك لە کوردان بەشدارن لە هێشتنەوەی کولتوری فەهلەوی و برەوپێدانی و بەکارهێنانی لە ئاستی میللییدا. خۆ مانەوەی هێندێك کورد تا درەنگ، لایەنی کەم تا سەدەی چوارەمی کۆچی/ دەیەمی

زایینی، که توانای خوێندنەوەی زمانی کۆنی پەهلەوی و راڤەکردنی ماناکانیان هەبووە، پاڵپشتی ئەم بۆچوونە دەکات[٧].

هەرچۆنێك بێت، ئێمە ناخوازین بەگشتی لە رەوشی زمانی فەهلەوی سەدەکانی ناوەڕاست بدوێین. ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە ئەوەیە، لە نێوەندی سۆفیگەریدا، بەتایبەت لەو ناوچە کوردییانەی بە وڵاتی فەهلەوی دادەنران، هێندێك لە سۆفییان پشتیان بەو زمانە دەبەست بۆ گوزارشتکردن لە خۆیان و تێگە باوەڕییەکەیان، لە چوارچێوەی دەقی شیعرییەوە. رەنگە کۆنترین کەسێکیش باسی لێوە کرابێ، ئەحمەدی کوڕی محەمەدی کوڕی فەزڵ ناسراو بە ئەبولعەباسی نەهاوەندی (م. ٣٣١ك/ ٩٤٣ز)یە. کە لە شاگردانی سۆفییانی ناسراوی وەك جەعفەر خولدی (م. ٣٤٨ك/ ٩٥٩ز) و ئەبو عەبدوڵای کوڕی خەفیفی شیرازی (م. ٣٧١ك/٩٨١ز) بووە، تەنانەت وەك جێنشینێکی ئەوەی دووەم ناوی دەهێنرێ (زرکوب شیرازی، ١٣٥٠هـ.ش: ١٠٣).

ئەم شێخەی شاری نەهاوەند، کە لە ماوەی درێژی سەدەکانی ناوەڕاستدا زۆربەی دانیشتووانەکەی کورد بوون (حمدالله مستوفی، ١٣٦٢هـ.ش: ١١٩)، بە زمانی لۆکاڵی شارەکەی خۆی شیعری هۆنیوەتەوە. ئەوەی لەم بوارە لە پاشیدا بەجێ مابێت، چوارینەیەکە، کە تیایدا دەڵێ:

دلا أز عاشقی یارت یکی وس    و گرها دوکنی نبو کەس

نصیحت رایگان أرها بژیری    هرآن کس دل یکی یارش

یکی وس

(فصیحی خوافی، ١٣٨٦هـ.ش: ٢/ ٥٠٢).

بێگومان ئەم چوارینەش – ئەوەی تا ئێستا زانرابێ – کۆنترین دەقی فەهلەوییە، لە قۆناغی دوای باڵادەستی عەرەبە موسڵمانەکان، کە بە زارێکی لۆکاڵی لە ناوچەیەکی کوردنشین یاداشت کرابێ و دەستپێکە بۆ کۆمەڵێك دەقی تر کە لەلایەن سۆفییانی تری ئەم ناوچەیە برەوی پێ دەدرێ.

هەرچۆنێك بێت، دەقە شیعرییەکە و بەکارهێنانی زمانی لۆکاڵی لە تێگەیشتنی ئەم سۆفییە بۆ چییەتی سۆفیگەریش نزیکە. ئەبولعەباسی نەهاوەندی پێی وابوو سۆفیگەری پتر لە چوارچێوەی بوارە کردەکییەکەیەوە دەردەکەوێ، بەجۆرێك کە پێی وایە ئەو کاتە سۆفیبوون دەست پێ دەکات کە ژیانی هەژارانە و دەروێشییانەی دەگاتە ئەوپەڕی (عطار، ١٣٨١هـ.ش: ٢٦٨/٢). ئەگەرچی ئەو پێی وابوو دەبێ سۆفی لە نێوەندی کۆمەڵایەتی دوور بکەوێتەوە، تا لە حاڵی سۆفییانەی نەگەن. بەڵام هەر لە شارەکەی خۆیدا – بەکاریگەریی سەرمایە رەمزییەکەی - بەو دوورکەوتنەوەی رازی نەبوون و رێزی زۆریان دەگرت و خزمەتیان دەکرد (الانصاري، ١٣٨٦هـ.ش: ٥٠٣). بەتایبەت کە دەبێتە رەمزێك بۆ باوەڕداریی و رێنیشاندانی ئەوانەی لە "راستەڕێی ئایین" نەگەیشتوون، بێگومان بەو مانایەی لە فەزاکەی ئەودا هەبووە. کە

---

[٧] بەپێی فەسائی (١٣٧٨ هـ.ش: ١٥٣٦)، کاتێك میری بویهی عضد الدولة (٣٢٤-٣٧٢ك/ ٩٣٦-٩٨٣ز)، لە ساڵی (٣٤٤ك/٩٥٥ز)، گەیشتۆتە لای تەختی جەمشید لە کرماشان، دوو کەسییان بۆ بانگکردووە و دەقی نوسراوە پەهلەوییەکەیان بۆ خوێندۆتەوە، کە یەکێك لەوان " علي بن السري الكاتب الكردي" بووە.

ئەویش ئاوا زمانی ناوەندە کۆمەڵایەتییەکە دەکاتە زمانی دەربڕینی تێگە سۆفییانەکەی، ئەوا ڕەنگە هەر ئەمەش هۆکارێکی تر بێ، کە وای کردووە سۆفیگەری ببێتە دیاردەیەکی ویستراوی ناوەندە جوگرافییەکە کە نەهاوەندە و رووخسارە کردەکیەکەی گەشەسەندنی بەرچاو بەخۆوە دەبینێ. ئیدی لە دیاردەیەکی تاکەکەسییانەی پەیوەست بە سۆفییەوە دەگۆڕێ بۆ دیاردەیەکی دەستەجەمعی و کەسانێك لە خۆی خڕ دەکاتەوە کە هەمان تێگەیشتنی ئایینی و ئەزموونی رۆحانی ئەویان هەیە (الانصاري، ١٣٨٦ هـ.ش: ٣٧٠؛ عطار، ١٣٨١ هـ.ش: ٢٦٨/٢ - ٢٦٩).

ڕەنگە بەناوبانگترین کەسێکیش، کە فەهلەویاتی زۆری لەدوادا بەجێ مابێ و لەنێو ئەدەبیاتی کوردیدا، بە گرنگ و دەستپێکی مێژوویی ئەژمار بکرێ، بابا تاهیری هەمەدانی یە، کە لەوە دەچێ ماوەیەکی کەم دوای سۆفی نەهاوەند ژیابێ. لەبارەی بابا تاهیر و شیعرەکانی و پێگە ئەدەبی و سۆفییانەکەی زۆر نوسراوە و دەمێکیشە لە لایەن توێژەرانی رۆژئاواشەوە گرنگی بە خۆی و بە چوارینەکانی دراوە و وەرگێڕدراون بۆ سەر زمانانی تر (Heron –Allen,1902). بەڵام ئەوەی جێگەی تێبینییە ئەوەیە فەهلەویاتەکانی ئەو بە شێوەزاری لوڕی، بەتێپەڕبوونی کات و نەزانیی نوسەرانەوە، زۆر لە وێنە رەسەنەکەی کاڵ بۆتەوە و تایبەتمەندییە زمانییەکانی لەدەستداوە و ئەوەی ئەمڕۆ لەبەردەستدایە ئەوەندەی لە فارسی دەرییەوە نزیکە، ئەوەندە مۆرکە لوڕییەکەی پێوە نابینرێ (طوسی، ١٣٣٧هـ.ش: ١-٢). ئەگەرچی ئەو دەقانەی لە مۆزەخانەی قۆنیا پارێزراون و لە ساڵی (٨٤٨ك/١٤٤٤ز) نوسراون و چەند دەقێکی تری کە لە دەستنوسە فارسییە کۆنەکاندا یاداشتکراون، هێندێك لە تایبەتمەندییە فەهلەوییەکانیان پاراستووە و تاڕادەیەکی باش لەلای ئەوانەی شێوەزاری ئێستای لوڕی دەزانن، تێگەیشتراون. لەگەڵ ئەوەشدا لە ئاکامی ئەو درەنگ نوسینەوە و دەستکارییەیە، ئەستەم بووە بتوانین تایبەتمەندییە زمانیی و تەنانەت روخسارە شیعرییەکانی دەقە بنەڕەتییەکانی ئەو ببینین و لە جیهانبینی بابا تاهیر خۆیەوە نزیك ببینەوە و بەسەر تەواوی رەهەندە پێکهێنەرەکانی ئەم جیهانبینییە رابگەین و لەوەش گرنگتر جێکەوتە زمانیی – ئایینیەکەی لەو زەمینەی ئەم سۆفییەی تێدا بووە بەرچاو بخەین. ئەگەرچی ئەو رۆڵە پێکبەستەکییەی نێوان کۆمەڵگا و دەسەڵات بە ئەو بەخشراوە و هاوسەنگی لە نێوان دەسەڵاتی رەمزی خۆی بەسەر مورید و ئەو گەلە خەڵکەی باوەڕیان پێیەتی و دەسەڵاتی کردەکیی، کە لێرە دەسەڵاتی سوڵتان توغرل بەگی سەلجوقی (٤٢٩-٤٥٥ك/١٠٣٧-١٠٦٣ز)یە، دروستکردوە و ئەم دەسەڵاتەی وا لێکردووە بەجۆرێك لە گوێڕایەڵییەوە لەبەردەم شێخی سۆفی رابوەستێ تا پێی بڵێ چۆن شەرعییانە سەردەری لەگەڵ کۆمەڵگادا بکات (راوندی، ١٣٦٣ هـ.ش: ٩٨-٩٩).

ئەوەی لەگەڵ بابا تاهیر و بە کارهێنانی زمانی لۆکاڵی تێبینی دەکرێ ئەوەیە، کە بەکارهێنانی ئەو زمانە جۆرێکی تر لە پیرۆزیی – سەرباری ئەوەی هەیەتی - بە سۆفی بەخشیوە. لە کەسێتییەکی مێژووییەوە دەبێتە کەسێکی سەرووی مێژوو، کە پابەندییەکی ئەتۆی بە کات و شوێنێکی دیاریکراوەوە نامێنێ؛ ئەو ئامادەییەی بابا تاهیر لە نێو کولتوری یارساندا هەیەتی جەخت لەسەر ئەو بۆچوونەمان دەکاتەوە. ئەو وەك سۆفییەك، بەو شێوەیەی لە نێو زمانی عەرەبیدا، لە دووتوێی کتێبی " الكلمات القصار" گوزارشتی لە خۆی کردووە (عين القضاة الهمداني، ٢٠٠٧) وونە و کەمتر لەنێو مێژووی نوسراو و دیاردا دەرکەوتەی دەبێ. ئەوەی دەبینرێ "سۆفی – شاعیر"ە. لەلای یارساندا، ئەو بۆتە بەشێکی پرۆسەی نواندنی باوەڕی ئایینی بۆ کەسانی خاوەن پێگەی نائاسایی. ئەو دەبێتە هاوکاتی "شاه خۆشین"ی رەمزێکی نێو

باوەڕەکە (جیحون آبادی، ١٩٦٦: ٢٩٥-٢٩٦) و دەقە شیعرییەکانیشی، لەناوکۆی "سەرئەنجام"دا، ئەو گفتوگۆ رۆحانییە پێکدێنن کە گوایە لە نێوان ئەوی سۆفی و شاە خۆشیندا هەبووە (طاهری، ٢٠٠٧: ٤٩-٥١). تەنانەت لەو سیستەمە باوەڕییەدا خەسڵەتی مرۆڤانە لەدەست دەدا و لە قۆناغی بەرجەستەبوونی خودایەتی لە شاە خۆشیندا، کە قۆناغی مەعریفەتە، دەبێتە یەکێك لەو فریشتە دەرکەوتووانەی پێیان دەگوترێ " یارانی چوار مەلەك" (Minorsky, 1986: 1/260). بێگومان ئەم ئامادەییەی بابا تاهیر – کەم تا زۆر – پەیوەستە بە ئامادەیی ئەو لەنێو زمانێکدا، کە زمانی پەیڕەوکارانی ئایینەکەیە، یان لایەنی کەم زمانێکی تێگەیشتراوە لەلایەن ئەوانەوە و ئەم بەردەوامێتییە سەروو کات و شوێنییەی بە کەسێتییەکە داوە و وا دەکات لە یادەوەری دەستەجەمعیدا شیعر و دەرکەوتە عیرفانییەکەی بمێنێتەوە. بۆیە ئەگەر دەقێکی ڕوونیش لەبارەی کوردبوونی ئەو نییە و گومان لە پێگەی ئەو لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردی بکرێ، بەڵام ئەم ئامادە ئایینیەی ئەو و بەرجەستەکردنی پیرۆزکراوانەی دەقە شیعرییەکان (جا هی خۆی بن یان درابنە پاڵی)، دەستنیشانی کاریگەری ئەو بەسەر خەیاڵدانی کۆمەڵایەتی پەیڕەوانی باوەڕەکە دەکات.

بەهەرحاڵ، ئەوانەی لەمجۆرە ئەدەبیاتەیان کۆڵیوەتەوە، درکیان بە پەیوەست بوونی بە پانتایی کوردییەوە کردووە، بەتایبەت بە هەورامانەوە. چونکە خۆشترین بەیت و باڵۆرەی دەقی فەهلەوی، بە تێگەیشتنی شەمس الدین ڕازی ( ١٣٨٧هـ.ش: ١٧٣)، کە لە سەدەی حەوتەمی کۆچی/ سێزدەی زایینی ژیاوە و یەکێکە لە یەکەمین ئەو نوسەرانەی قسەیان لەسەر ئەم چەشنە ئەدەبیاتە کردووە، ئەوانەن کەوا لەگەڵ ئاوازی (اورامن = هەورامان) دەخوێنرانەوە، وەك لە دێڕە شیعرێکدا ئاماژەی بۆ کراوە:

لحن اورامن و بيت بهلوى        زخمهء روذ و سماع خسروى

ئێمە لێرە وورد نازانین مەبەست لە "لحن اورامن" چییە، بەڵام پسپۆڕانی ئەم بوارە جەخت لەوە دەکەنەوە، کە ئەم تێرمی اورامانە، پەیوەستە بە ناوی "هەورامان"ی کوردستانەوە، کە زۆرجار وەك "اورامە" بەکارهاتوە و ئاماژە بووە بۆ دەقە شیعری فەهلەوی (Tafażżolī,1999). بێگومان ئەمەش مێژووییەك دیاری دەکات بۆ شێوەزاری هەورامی و بەکارهێنانی لە بەرهەمهێنانی دەقی شیعرییدا. بەتایبەتیش لەلایەن سۆفییانەوە. ئەوەیش کە زۆر بەکاری هێنابێ، سۆفی ناوداری هەمەدان عەینولقوضاتی هەمەدانی (م. ٥٢٥ك/١١٣١ز)ییە. ئەو سۆفییەی کە ڕەنگە نزیك یان مورید بووبێ لەو ئەلقە سۆفییانەی بابا تاهیری تێدا بووە (پورجوادی، ١٣٧٤هـ.ش: ١٠٢) و لە هەمان ئەو زەمینەیشدا گەورە بووە، کە بابا تاهیر و سۆفییە هاوشێوەکانی بە زمانی فەهلەوی گوزارشتیان لە خۆیان کردووە. ئەو سۆفییە لە "نامە"کانی بە زمانی فارسی بۆ دۆست و مورید و یاوەرانی، لە چەندین شوێندا هانای بردۆتە بەر دێڕە شیعری "اورامی". ئەو دێرە شیعرانەش بە مەبەستی جەختکردنەوە لە سەر ناوەڕۆکی پەیامەکانیەتی و جۆرێکە لە ڕوونکردنەوە و چێژ بەخشین بە بابەتی باسکراو. لە یەکێك لەو بەیتانەی دەیهێنێتەوە لە بارەی عاشقانەوە دەڵێ:

که ما خود عاشقان را واشناسيم

که ديم عاشقان را رنگ تبو

(عين القضات همدانی، ١٣٧٧ هـ.ش: ١٧٦/٢)

هەر لەچوارچێوەی پەیوەندی نێوان عاشق و مەعشوقەوە، دێڕێکی تری اورامە دەهێنێتەوە:

من نه بآن آميم ابىر تو

كه بجفاشم يا بدشناسم شم (عين القضات همدانی، ١٣٧٧ هـ.ش: ٤١١/٢)

لە دێڕێکی تری هەورامیدا، کە لە چوارچێوەی رەخنەگرتن لە فرۆشتنی دین بە دونیا؛ ئەوانەی بوونەتە بەندەی دونیا و ئارەزوو پەرستن و بیر لە چارەنوسیان ناکەنەوە، دەڵێ:

سيا وا شامهء پيشين أما كژ

وا در آن چه كرد و اين چبو(عين القضات همدانی، ١٣٧٧ هـ.ش: ٣٧٤/٢)

هاوشێوەی ئەمە، دێرێکیش لەبارەی پێگەی مرۆڤی مەرد و نامەرد دەهێنێتەوە، کە تیایدا دەڵێ:

نه هركش بار نبود درّ و ياقوت

دشمرش نهلند وا زرّ و ديبا

(عين القضات همدانی، ١٣٧٧ هـ.ش: ١٦٨/٢)

جگە لەم تاکە دێرانە، چوارینەی "أورامانی"یش وەك نموونە دەهێنێتەوە. ئەوەتا دەڵێ:

نا دم برو آن مه مست و هاموش

گرثم لافين تنت در آئوش

بو هانم جشی بكوش دوات برم

اجى برقال اجى زوارج باگوش

(عين القضات همدانی، ١٣٧٧ هـ.ش: ٤٤٤/٢)

خوێندنەوەی دروستی ئەم بەیتە هەورامییانەی عەینولقوضاتی هەمەدانی و شرۆڤەکردنی ناوەڕۆکەکانیان کارێکی ئاسان نیە. بەتایبەت کە گەیشتن بە شێوازی ڕاستی نوسینی بەیتەکان ئەستەمە. هەر بۆیە ئێمە بەو شێوەیە یاداشتمان کردۆتەوە، کە لێکۆڵەران و ڕاستکەرەوانی نامەکانی عەینولقوضات، هەریەك لە علینقی منزوی و عفیف عسیران، نوسیویانە. ئەوان لە پەراوێزی لێکدانەوەی بەیتەکانیشدا فۆرمە

جیاوازەکانی نوسینی ووشەکانیان بەپێی دەستنوسەکانی ئەم نامانە تۆمار کردووە. ڕەنگە ئەمەش هاوکاری توێژەرانی هەورامیناس و فەهلەویناس بکات لە تێگەیشتنی ووردی بەیتەکاندا.

ئەوەی لێرەد بۆ بابەتەکەی ئێمە گرنگ بێت ئەوەیە، کە هەبوونی ئەو بەیتانە، جەخت لەسەر بەکارهێنانی بەربڵاوی هەورامی لە کۆڕی سۆفییانی ئەو پانتاییەی عەینولقوضاتی تێدا ژیاوە، بەتایبەت هەمەدان و دەوروبەری، دەکاتەوە. هێنانەوەی زیاد لە بەیتێك و جەختکردنەوە لەسەر هەوارمیبوونیان، گەواهی لەسەر جێگیربوونی نوسین بەم شێوە زارە و ئەم جۆرە ئاوازە تایبەتمەندە دەدات و ڕۆڵی سۆفیانیشمان بۆ دیاری دەکات لە برەودان و هۆنینەوەی شیعر بەم جۆرەی فەهلەویات.

بێگومان کاتێك سۆفی ئاوا بە زمانی خەڵك دەدوێ و شیعری عارفانە دەنوسێ، کۆمەڵێك چەمك و دەستەواژەی بارگاوی بە بنەمای دینی، لە نێو زمانەکەدا جێ دەکاتەوە. بەمەش خەسڵەتی گشتگیرانەیان وەرگرتووە و لە زمانی دەستەبژێرەوە گوازراونەتەوە نێو زمانە میللیەکە. ئیدی وەك تەفەزوڵی (Tafażżolī,1999) دەڵێ ئەمانە نەك وەك دەقی شیعریی جوان بینراون، بەڵکو وەك پڕکەرەوەیەکی ڕۆحانی و هزریی مرۆڤەکانیش بووە. ئەم پرۆسەیە هەر چۆنێك بووبێ، ئەوا بێگومان ڕێگەیەك بووە بۆ بەرهەمهێنانەوەی بنەمای ئایینی بەو زمانە. لەگەڵیدا هەژموونی عەرەبی و تەنانەت دەقە بنەڕەتییەکانیش کەمتر دەبنەوە و ئەم دەقانە جێگەیان دەگرنەوە. شمس الدین رازی (١٣٨٧هـ.ش: ١٧٣) درکی بەم وەرچەرخانە زمانییە کردوە و بینیویەتی کە خەڵکی "عێراق"[٨]، لە "زانا و خانەدان و ڕەشەخەڵك"، خوویان بە دانان و گوتنەوەی بەیتی فەهلەوی گرتبوو...تاڕادەیەك کە هیچ ئاوازێکی ناسك و دانروایێکی خانەدانانە، لە شێوەی "ووتەی عەرەبی و غەزەلی دەری" وەك ئەم بەیتە فەهلەوییانە کاری لێ نەدەکردن.

ئەم ترادیسیۆنە، لە سەدەکانی دواتریشدا، سەدەی حەوت و هەشتی کۆچی/سێزدە و چواردەی زایینی، لە نێوەندی سۆفیگەریدا هەر بەردەوامە و وەك زمانی باوی گوراشت کردن لە حاڵی سۆفییانە و جیهانبینییان هەر ماوەتەوە (دانش پژوە، ١٣٣٧ هـ.ش: ٣٢٨-٣٣٣). بەڵام بە بۆچوونی ئێمە ئەم بەردەوامییەی بەکارهێنانی زمانی لۆکاڵی لە شیعردا بەو مانایە نایەت، کە ئەم زمانە توانای نوسینی پەیداکردووە. بەتایبەت نوسینەوەی دەقی ئایینی، کە لێرە نوسینەوەی دەقی سۆفییانەیە. بەڵکو ئەم بەکارهێنانەش زارەکیبوونی زمانەکەی بەرجەستە کردووە و لەو سنورەی هێشتۆتەوە. بەجۆرێك کە هەبوونی وەرگری ئەو دەقە شیعرییە سۆفییانە، بەرجەستەی ئاستی میللیی گوزارشتی ئایینی دەکات. لێرەدا کۆمەڵگا لەنێو دەقدا ئاییندار ی ناکات، بەڵکو لەدەرەوەی. ئەوە نەبێ بەکارهێنانی زمانیان بۆ گوزارشتکردنە لە هەستی ئایینی هاوبەش، وەك بەشێکی بەکارهێنانی لە ژیانی ڕۆژانەدا. خۆ فەهلەویات بە گشتی تایبەتمەندی ئەدەبی زارەکی هەیە، کە لە سادەیی دەقەکان و ئەو زیندەگییەی لە ناوەڕۆکیاندا دەبینرێ، ئەمە سەرباری وونی یاخود نەدرکاندنی ناوی خاوەنەکەی، دەردەکەوێ (Tafażżolī,1999). لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم گەڕانەوەیە بۆ زمانی لۆکاڵی وەك دەستپێکێك دێتە بەرچاو بۆ بەرهەمهێنانی زمانێکی ئایینی نێوخۆیی ئەوتۆ، کە بتوانێ ڕاڤەی پێگەی ئایینی مرۆڤەکانی لەنێوجیهاندا پێ بکرێ، ئیدی لێرەوە بۆ پەیڕەوکارێکی ئەم شێخانە کە پابەندی شێوازارەکەی

[٨] دیارە لێرە مەبەستی شمس الدین رازی لە ووشەی عێراق، عێراقی عەجەمییە؛ ئەو ناوەی لە سەردەمی سەلجوقییەکانەوە، نزیك بە سەدەی پێنجەمی کۆچی/ یانزەی زایینی، بە هەرێمی چیاکان دەگوترا. نەك عێراقی عەرەبی، کە بەشی خوارووی میزۆپۆتامیای دەگرتەوە ( Le Strange, 1905: 185).

خۆیەتی( نەهاوەندی، لوڕی، هەمەدانی، هەورامی)، دین تایبەتمەندێتییەك وەردەگرێ و لە نێو سیستەمی زمانی ئەودا بە نامۆ دانانرێ.

## ٢: ٤ زمانی کوردی و گوزارشتکردن لە حاڵی سۆفییانە

لە دەرەوەی وڵاتی فەهلەویش، شێوەزارە کوردییەکانی تر، تەماهی لەگەڵ سۆفیگەریدا دەکەن و سۆفی لەو زەمینە کۆمەڵایەتییەی تێیدایە زارەکییانە بەکاری دەهێنێ و بە ئاماژەی ئایینی بارگاوی دەکات. ئیدی بەکارهێنانی زمانی کوردی هەر لە ئاستی بەرهەمهێنانی دەقی شیعریی نەوەستاوە، بەڵکو لە ئاستی تریشدا بەکارهێنراوە، لە گوزراشت کردن لە حاڵی سۆفییانەش، لە نێو ئەو زمانەدا بەدوای مانادا گەڕاون، لەوانەش ئەبولوەفای حولوانی. ئەگەر ئێمە پێشتر باسمان لەوە کرد کە کەرامەتییانە بە عەرەبی گوزارشتی لەخۆی دەکرد، بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت، پشتی لە کوردی کردبوو، تەنانەت لە بەکارهێنانی سۆفییانەشدا. بەتایبەت کە لە ئەلقەی مورید و لایەنگرانی ئەودا کەسانێك هەبوون – سەرباری سۆفیگەری – کوردبوون بەیەکەوەی دەبەستنەوە و زمانی کوردی زمانی پەیوەندی بووە بۆیان و بۆ دەربڕینی حاڵی سۆفییانە بەکاربردراوە. ئەمە لە پەیوەندی ئەبولوەفا بە شێخ محەمەدی کوڕی دەشمی کوردی ناسراو بە شێخ جاگیر (م. ٥٩٠ك/١١٩٤ز)ەوە دیارە، کاتێك ئەم شێخە لەو مەقامە سۆفییانەی بە هاوکاری ئەبولوەفا پێی گەیشتبوو ئاماژەی بۆ چاکەی شێخەکەی بەسەرییەوە نەکرد، لە ئاکامدا تووشی حاڵەتێك لە ڕاڕایی و ناجێگیری دەروونی بوو، شێخ پێی گوت جێگیر بە، ئیدی لەو کاتەوە، ئەم ووشە کوردییە؛ "جاگیر – جێگیر"، بووە نازناوی سۆفییانەی و پێی دەناسرایەوە (الواسطي، مخطوط: ٥٧، ١٥٩). گرنگی ئەو بەکارهێنانەی کوردی لەوەدایە کە نەك تەنها بۆ بەکارهێنانی دەقی شیعریی بووە، بەڵکو لە دەربڕینی سۆفییانەشدا بەکارهێنراوە و ووشەکانی بە مانای ئایینی تازە بارگاوی کراون. بێگومان دووریی ئەم ناوچەیەی ئەبولوەفای تێدابوو لە زەمینەی کوردی، وادەکات بەکارهێنانی ئەو و یاوەرانی بۆ زمان جێکەوتەیەکی کوردییانەی نەبێ و وەك ئەزموونێکی تاکەکەسییانە بمێنێتەوە و بەردەوامیی مێژوویی نەبێ.

بەڵام کاتێك سۆفی لە زەمینەکەدا دەژی و بە زمانی خەڵکی ئەوێ دەدوێ، ئەوا جۆرێك لە پابەندی ئایینی لە نێوان ئەو و ناوەندەکە دروست دەبێ. تا وای لێدێ کەسێتی سۆفییانەی شێخ تەنیا لە ڕووە سەرووئاساییەکەی دەبینرێ، کە ئاکامێکی پەیوەندی پیرۆزکراوی نێوان هەردوولایە. ئەمە بە ئاشکرا لە سۆفییەکی نا ئاساییی، لە ڕووی وێناکردنەوە، دەبینرێ، کە ئەویش شێخ عەدی کوڕی موسافیری هەکاری (٤٦٧-٥٥٧ك/ ١٠٧٤-١١٦٢ز)

لەبارەی ژیان و کەسێتی ئەم سۆفییە قسەی زۆر کراوە، بە تایبەت ئەو پێگەیەی لە نێو دۆکترینی ئایینی ئێزدیدا هەیەتی و وەك کەسێکی میتا مێژوویی سەرەدەری لەگەڵدا کراوە. هەرچۆنێك بێت ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە ئەو قۆناغە مێژووییەی ژیانییەتی کە لە ناوەندە شەریعەتییەکە دادەبڕێ و بەتەواوی، لە دەڤەری هەکاری لە لالش، نیشتەجێ دەبێ. لەوێدا شێخ عەدی وەك یەکێك لە سۆفییە گەورەکانی سەردەمەکەی باسی

دەكرێ، بە حوكمی یاوەرێتی كردن و پەیوەندی توندوتۆڵی لەگەڵ هێندێ لەو سۆفییانەی كاریگەریان بەسەر نەخشی دواتری سۆفیگەریدا هەبووە، وەك شێخ عەبدولقادری گەیلانی. خۆ ناوبانگی شێخ عەدیش لە هی ئەو كەمتر نەبووە و ڕەنگدانەوەی ئەو پەیوەندییە بووە كە لە نێوان ئەو و ناوەندە كۆمەڵایەتییەكەی چێ ببوو. پەیوەندییەك كە وای كردووە شێخ عەدی وەك شێخێكی سۆفی ئاسایی نەبینرێ. ئەو خۆی لە سەردەمێكدا ژیاوە، كە رەهەندی كەرامەتنوێنانەی كەسێتی سۆفی زاڵ بوو بەسەر ڕەهەندە ئایینیەكانی تری، بەتایبەت هەردوو ڕەهەندی شەریعەتی و حەقیقەتییانەی. ئەمەش كاریگەری دەبێ لەسەر ئەو پەیوەندییە زمانییەش كە لەو زەمینەی شێخی تێدا بووە زاڵبووە. ئەو لە گفتوگۆدا زمانی كوردی بەكارهێناوە؛ وەك لە سەرچاوە سۆفییەكاندا وێناكراوە، لە حاڵی كەرامەتنوێنیدا بە كوردی قسەی كردووە. یەكێك لە موریدەكانی ئەم بەسەرهاتە دەگێڕێتەوە:

> ڕۆژێك شێخ عەدی، ڕەزای خوای لێ بێ، لە گۆشەكەی خۆی دەركەوت و بەرەو باخێك چوو بەناوی زێبەری، لە نزیك لالش[9]. منیش بەدواوەی بووم. بەناو داروبارەكانی ئەو باخەدا تێپەڕی، ئاوڕی لە من دایەوە و بە دەستی پیرۆزی ئاماژەی بۆ گۆڕێك كرد و پێی گوتم: گوێت لە خاوەنی ئەم گۆڕە نیە هانام بۆ دێنێ؟. گوتم: تەماشام كرد دووكەڵێكی ڕوونم بینی لێی دەر دەچوو. گوتی: پاشان چووە سەر ئەو گۆڕەی دووكەڵەكەی لێ دەهاتە دەر. لەوێ ڕاوەستا و بۆی لە خوای گەورە دەپەڕایەوە، تا دووكەڵەكە نەما. گوتم: پاشان ڕووی لە من كرد و پێی گوتم: ئەی پیاو! ئەمە بەخشرا و ئازاری لەسەر نەما. دواتر شێخ، خوای لێ ڕازی بێت، لە گۆڕەكە نزیك بۆوە و بە ناو بانگی خاوەنەكەی كرد، كە ناوی حەسەن بوو و خەڵكی گوندی ئەبنی ئەعراب بوو. پێی گوت (بە كوردی – ح.ل): ها حەسەن خۆشە، خۆشە؟ واتا شوێنت خۆشە. ئەویش گوتی: بەڵێ خۆشە و ئازاردان هەڵگیرا. گێڕەرەوەكە، ڕەحمەتی خوای لێ بێ گوتی: گوێم لێی بوو كە دەیگوت بەڵێ، بەڵێ. (العسقلاني، ٢٠٠٨: ٢٥٢)

بێگومان بوونی ئەو لەو زەمینە كوردییە و بەكارهێنانی زمانی ئەوێ بۆ داڕشتنی پەیوەندییەكی ئایینی – كۆمەڵایەتی پیرۆزكراو، كاریگەری هەبووە لەسەر چۆنیەتی وێناكردنی خودی شێخ عەدی و ڕێگەی بە خەیاڵدانی كۆمەڵایەتی ئەوێ داوە جیاواز لە تێگەیشتنی زەمینەی تر لە شێخی سۆفی، لە كەسێتییەكەی بڕوانن. بەجۆرێك كە ئەم كەسێتییە تایبەتمەندییەكی ئایینی وەردەگرێ، لە دەرەوەی ئەم زەمینەیە قەبوڵ ناكرێ. كۆبوونەوەی خەڵكێكی زۆر لەم شێخە لە دەڤەری هەكاری و ئەو باوەڕە سەروو ئاساییەی كە هەر لەسەردەمی خۆیەوە پێیان دەبێ (ابن المستوفي، ١٩٨٠: ١/١١٤-١١٥)، وا دەكات ڕەهەندی كەرامەتنوێنیانەی لە زۆر باردا ببێتە ڕەهەندی هەرە دیاری كەسێتییەكەی. بەتایبەت لەلایەن گوتاری شەریعەتییانەی باودا، كە ئەم كوردە پەیڕەوكارانەی ئەو وەك گومڕا و لە ڕێ لادەر دەبینرێن،

[9] لێكۆڵەری مەناقیبنامەكە لێرە و لە شوێنی تریش لە بری "لالش"، ووشەی "كالش"ی نوسیوە، كە پێدەچێ هەڵەی ناسخی دەستنوسەكە بێ.

چونکه پایەی شێخیان لەپیرۆزیدا بردۆتە ئاستێك، کە قەبوڵ نەکراوە و لەلایەن ئەوانەی خۆیان بە داکۆکیکار لە شەریعەت دەناسێنن بە شێخپەرستی تۆمەتبار دەکرێن (ابن تیمیە، ١٩٩١: ٣٦١/٥؛ ٢٦٤/٧).

هەرچۆنێك بێت، ئەو گوتارە شەریعەتییە بەردەوام کاری بۆ جیاکردنەوەی شێخ عەدی لەو ناوەندە ئایینیە دەکرد، تەنانەت کە دەشیەوێ ناوەندەکە – بە تێگەیشتنی خۆی – بگەڕێنێتەوە نێو خۆی، دەخوازێ ئەو شێخ عەدییەیان پێ بناسێنێتەوە، کە ئەو خۆی قەبوڵییەتی و پێی رازییە، ئەمە بە ئاشکرا لە نوسین و "وەسیەتە گەورەکە-الوصیة الکبری"ی ئیبن تەیمیە(م. ٧٢٨ك/١٣٢٧ز) بۆ پەیڕەوکارانی شێخ عەدی دیارە (١٩٨٧: ٣٧). بەڵام کێشەی ئەم گوتارە ئەوەیە کە شێخ عەدییەك دەبینێ بە عەرەبی دواوە و لەوێدا عەقیدەی ئەهلی سوننەت و جەماعەتی بەیانکردووە (الهکاري، ١٩٩٨)، نەك "شێخادی"یەك کە لەو زەمینەیە بەرە بەرە لەنێو دەقی زارەکیدا دادەڕێژرایەوە ، ئەمەش بە پشت بەستن بە دیوی حەقیقەتییانەکەی.ووردتر بڵێین وێنای سۆفییانەی ئەو، کە لە نێو ئەلقەی سۆفییاندا هەبووە و تێیدا شێخ عەدی بە موجاهەدە گەیشتۆتە ئاستێك، بە تێگەیشتنی کەسێکی وەك شێخ عەبدولقادری گەیلانی، لە مەقامی پێغەمبەرێتی نزیك خستۆتەوە (الیافعي، ٢٠٠٦: ٧٨). هەروەها کەسێتییەکی کەرامەتنوێنی نائاسایی کە بەرنامەیەکی بۆ رێکخستنی کۆمەڵایەتی، لەسەر بنەمای ئایینی - تەریقەتییانە هەبووە. لە کولتورە زارەکییە سەروو زەمەنییەکەدا، وورده وورده رەهەندە ئیسلامییە – عەرەبییەکەی ئەو دەسڕێتەوە و لەجێیدا "شێخادی"ییەك دەبینین کە توانیویەتی سیستەمێکی کولتوری سەربەخۆ دابڕێژێ و پەیڕەوکارانی ناسنامەی خۆیان لەسەر ئەم سیستەمە و بەپشت بەستن بەو دەقانە دابڕێژن و لە ماوەی درێژی مێژوودا خۆیان رووبەڕووی مەترسی و توندوتیژییەکی پیرۆزکراوی گوتارە هەژموونگەراکە بکەنەوە. ئەم زارەکیبوونەی باوەڕەکەش – ئەگەرچی لەگەڵ هەر هەڵمەتێکی قڕکردندا دەبێ بەشێکی لەناوچووبێ – بەڵام هەر ئەم رووبەڕووبوونەوەیە پیرۆزی سەروو ئاسایی پێدەبەخشێ و گوتن و خوێندنەوەیان سروت و کەسی تەرخانکراو "قەوال"ی بۆ دروست دەبێ، کە وەك دەقی پیرۆز سەرەدەری لەگەڵدا بکەن و پارێزگاری لێ بکەن(رەشۆ، ٢٠٠٤: ٣٩١/١-٤٤٢). ئەگەرچی بە کاریگەری زەمەن روخساری بنەڕەتی بەیت و دەقەکان کاڵ بۆتەوە، بەڵام خۆ لەوێدا شێخادی هەر کاریگەری دەمێنێتەوە و لە نێو ئەو زمانەی پەیڕەوکارانی قسەی پێ دەکەن هەم خۆی و هەم زمانەکەش بەردەوامیی دەبەخشنە پرۆسەی بەرهەمهێنانی پیرۆزی ئایینی. لە ئاکامیشدا تەنیا ئەو وێنایەی سۆفی دەمێنێتەوە کە لە خەیاڵدانی ئێزدییەکاندا هەیە.

## ئەنجام

کاتێك زمان دەکەوێتە بەردەم زمانێکی ئایینی باڵادەست، ئەوا دەکەوێتە حاڵەتی ڕووبەڕووبوونەوە، بۆیە هەوڵدەدات بە پێی ڕەوشە نوێیەکە گوزارشت لە حەقیقەتی ئایینی بکات، لەگەڵ گۆڕانی زەمەن و کارەکتەرە ئایینیەکانیشدا، بتوانێ بەردەوامی بەو دەلالەتانە بدات کە لە نێو گوتارە هەمەگیرەکەی باوەڕەکەدا جێگەی کردوونەتەوە. زمانی کوردی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا خۆی لە نێو ڕەوشێکی ئاوادا بینیوەتەوە. تا ئەوکاتەی کە زمانە باڵادەستەکە کۆنترۆڵی دەرکەتەی گوتارە ئایینیەکەی کردووە، کوردی پاشەکشەی کردووە لەوەی بتوانێ لە نێو ئەم گوتارەدا جێگەیەك بکاتەوە و ببێتە بەشێکی سیستەمە پێکهێنەرەکەی. بە پێچەوانەوە هەوڵیداوە چەمك و دەستەواژەکانی زمانی فەرمی لەنێو خۆیدا جێگە بکاتەوە و لە ڕێگەیانەوە بەو سیستەمە ئاشنا بێت. ئەم کارەش ئاکامێکی کردەی سیاسی کوردان و تێگەی مەزهەبییانەی زانا ئایینیە کوردەکان بووە و ئەم دوو گروپە دەستەبژێرە نەشیاون زمانی زگماکیان بە ئاڕاستەی سەربەخۆ بوون - لە دەربڕینی ئایینیدا - ببەن. ئەوەی کراوە پتر لە ئاستی میللیی بووە و ڕەنگدانەوەی موسڵمانبوونی کۆمەڵگای خێڵەکی کوردی بووە و لە سنوری دەربڕینی زارەکیدا ماوەتەوە.

کاتێکیش هێندێك ڕەوتی ئایینی قەوارەی سەربەخۆیان دەبێ میللیی دەبنەوە و لە دەرەوەی هەژموونی ئاڕاستەی فەرمیی ئاییندا، کە ئاڕاستەی شەریعەتخوازانەیە، زەمینەی کۆمەڵایەتی بۆ تێز و تێگە ئایینیەکانیان دەدۆزنەوە، وەك سۆفیگەری، ئەوا بواری تێکەڵبوونەوەی باوەڕی ئایینی و زمانی لۆکاڵی کە کوردییە دەڕەخسێ. ڕەنگە هەر ئەمەش، لە پاڵ فاکتەری جوگرافی و سروشتی کۆمەڵایەتی کوردەوە، هۆکارێکی بەردەوامیدان بووبێ بە قەوارەی زمانەکە و ڕێگرێك بووبێ لە توانەوە و تەواو لەناوچوونی. ئیدی سۆفیگەری دەتوانێ – ئەگەر لە سنورێکی بەرتەسکیش بێ – زمانی کوردی بە باوەڕی ئایینی ئاشنا بکات و لەنێو زماندا پیرۆزیی بەرهەمبهێنێت.

بەردەوامێتی مێژوویی کولتوری سۆفییەکان لە پانتایی کوردیدا، کەم تا زۆر تۆمار نەکراوە و نادیارە و ئەو ڕەهەندەی کەسێتی سۆفییەکان لە نێو دەقی نوسراوی تایبەت بە سۆفی و دەقە مێژووییە گشتییەکانیشدا وونە. تەنانەت سەربوردەی سۆفیانەی هێندێك لەو کەسایەتییانەش نادیارە و جگە لەناو هیچی تریان لەبارەوە نازانرێ. بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت پرۆسەی بەرهەمێهنانی باوەڕ بە زمان و شێوەزارەکانی راوەستابێ. ئەوەتا درەنگتر دەبینین لەنێو سیستەمە باوەڕییەکانی بە ناوەڕۆك سۆفیگەرییانە جێگەی خۆی کردۆتەوە، کە بیروباوەڕی هەریەك لە ئێزدی و یارسانەکانە.

## سەرچاوەکان

### یەکەم: بە زمانی کوردی


تۆفیق، زرار صدیق. (٢٠٠٨)، زمانی کوردی لە سەدەکانی ناوەڕاست – لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی، گۆڤارا زانکۆیا دهوك، پەربەند (١١)، ژمارە (١)، ل ل٩٣-١١٥.

تۆفیق، زرار سەدیق. (٢٠١٣)، کورد و کوردستان لە ڕۆژگاری خیلافەی ئیسلامیدا، هەولێر: چاپخانەی رۆژهەڵات.

جەواد، مستەفا. (٢٠٠٨)، هۆزی لەبیرکراوی گاوان و گاوانیە بەناوبانگەکان، هەولێر: دەزگای ئاراس، وەرگێڕانی: مامۆستا هەژار.

رەشۆ، خەلیل جندی. (٢٠٠٤)، پەرن ژ ئەدەبێ دینێ ئێزدیان، دهوك: دەزگەها سپیریز.

شوان، ئیبراهیم ئەحمەد. (٢٠١٠)، فەرهەنگی سۆفییانەی دیوانی جزیری و مەحوی، هەولێر: بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی.

طاهری، طیب (کۆکردنەوە و لێکدانەوە). ٢٠٠٧، سەرئەنجام، سلێمانی: ئینیستیتوتی کەلەپوری کورد.

لەشکری، حەیدەر. (٢٠١٣A)، خەواریجەکان لە وڵاتی کوردان – لە دامەزراندنی ناسنامەی ئاییینیەوە بۆ شکستی سیاسی (٢٥٢-٣٤٦ك/ ٨٦٦-٩٥٧ز)، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژ (٢٧)، ل ل١٦١-٢٠٢.

لەشکری، حەیدەر. (٢٠١٣B)، لە شەریعەتەوە بۆ حەقیقەت – سەرهەڵدانی سۆفیگەری لە پانتایی کوردیدا، هەولێر: خانەی موکریانی.


### دووەم: بە زمانی عەرەبی


ابن الاثير، عز الدين ابو الحسن الجزري. (٢٠٠٢)، الكامل في التاريخ، بيروت: دار المعرفة.

الاصبهاني، العماد الكاتب محمد بن. (١٩٦٨)، خريدة القصر وجريدة العصر، (القسم الخاص ببلاد الشام والجزيرة)، دمشق: المطبعة الهاشمية، تحقيق: شكري فيصل.

الأندلسي، صاعد بن أحمد. (١٩١٢)، طبقات الأمم، بيروت: المطبعة الكاثوليكية، حققه: لويس شيخو اليسوعي.

الأيوبي، الملك الأمجد .(١٩٧٨)، نسب الأيوبيين، بيروت: دار الكتاب الجديد، نشره: صلاح الدين المنجد.

بولاديان، ارشاك. (٢٠١٣)، حول مسألة أصل الكرد، بيروت – اربيل: دار الفارابي و دار ئاراس.

التادفي، محمد بن يحيى الحنبلي. (١٣٥٦هـ)، قلائد الجواهر في مناقب تاج الاولياء و معدن الأصفياء و سلطان الأولياء الشيخ عبد القادر الكيلاني، القاهرة: المطبعة الحميدية.

التليلي، محسن. (٢٠١٠)، الاسلام البدوي، بيروت: دار الطليعة للطباعة.

التميمي، عبد الرحمن بن محمد بن ادريس الرازي. (١٩٥٢)، الجرح و التعديل، بيروت: دار احياء التراث العربي.

توفيق، زرار صديق. (٢٠٠٧)، القبائل والزعامات القبلية الكردية في العصر الوسيط، أربيل: مؤسسة موكرياني للطباعة والنشر.

ابن تيميه، أبو العباس تقي الدين الحراني. (١٩٩١)، درء تعارض العقل و النقل، السعودية، بتحقيق: محمد رشاد سالم.
الثعالبي، ابو منصور عبدالملك بن محمد. (١٩٦٥)، ثمار القلوب في المضاف و المنسوب، القاهرة: دار نهضة مصر، حققه: محمد ابو الفضل ابراهيم.
ابن الجوزي، جمال الدين ابي الفرج. (١٤٠٦هـ)، الضعفاء و المتروكين، بيروت: دار الكتب العلمية.
ابن خلدون، ابو زيد عبد الرحمن. (١٩٨١)، المقدمة، بيروت، دار العودة.
ابو زيد، نصر حامد. (٢٠٠٣)، الامام الشافعي و تأسيس الايديلوجية الوسطية، القاهرة: مكتبة مدبولي.
السيد، رضوان. (١٩٩٣)، مفاهيم الجماعات في الاسلام، بيروت: دار المنتخب العربي.
الشافعي، محمد بن ادريس. (دون تاريخ)، الرسالة، بيروت: دار الكتب العلمية، تحقيق و شرح: احمد محمد شاكر.
الشرقاوي، محمد. (٢٠١٣)، الفتوحات اللغوية – انتشار اللغة العربية وولادة اللهجات في القرن الأول الهجري، القاهرة: دار التنوير.
الشطنوفي، نور الدين ابو الحسن علي. (١٤٠٣هـ)، بهجة الأسرار و معدن الأنوار في مناقب القطب الرباني سيدي محيى الدين ابي محمد عبد القادر الجيلي، تونس: مطبعة الدولة التونسية.
الشيرازي، معين الدين أبو القاسم الجنيد العمري. (١٩٤٩)، شد الآزار في حط الأوزار عن زوار المزار، طهران: مطبعة المجلس، تحقيق: محمد القزويني وعباس إقبال.
عزت، فائزة محمد. (دون تاريخ)، الكرد في اقليم الجزيرة و شهرزور في صدر الإسلام (١٦-١٣٢هـ/٦٣٧-٧٤٩م) – دراسة في التاريخ السياسي، دهوك: مطبعة خاني.
العسقلاني، نصر بن عبد الله بن نصر. (٢٠٠٨)، النور السافر في مناقب سيدي عدي بن مسافر، بيروت: دار الكتب العلمية، بتحقيق: احمد فريد المزيدي.
عين القضاة الهمداني، عبد الله بن محمد بن الحسن الميانجي (٢٠٠٧)، شرح كلمات بابا طاهر العريان – مسائل حكمية في المعارف و المشاهدات الربانية، بيروت: دار الكتب العلمية، ضبطه و صححه: عاصم ابراهيم الكيالي.

الغزالي، الامام ابي حامد بن محمد. (١٩٩١)، إحياء علوم الدين، بيروت: دار الفكر.
فراى، نورثروب. (٢٠٠٩)، المدونة الكبرى – الكتاب المقدس و الادب، منشورات الجمل - كلمة، ترجمة: سعيد الغانمي.
لشكري، حيدر. (٢٠٠٤)، الكُرد في المعرفة التاريخية الاسلامية، دهوك: دار سپيريز.
الماوردي، ابو الحسن علي البغدادي. (١٩٨٩)، الاحكام السلطانية والولايات الدينية، بغداد: دار الحرية للطباعة.
ابن المستوفي، شرف الدين ابو البركات الاربلي. (١٩٨٠)، تاريخ إربل المسمى نباهة البلد الخامل بمن ورده من الأماثل، بغداد: دار الرشيد للنشر، حققه: سامي بن السيد خماس الصقار.
ابن المستوفي، شرف الدين ابو البركات الاربلي. (٢٠١٣)، تاريخ إربل المسمى نباهة البلد الخامل بمن ورده من الأماثل، تونس: دار الغرب الإسلامي، حققه: بشار عواد معروف و صلاح محمد جرار.

المسعودى، ابو الحسن علي بن الحسين. (٢٠٠٠)، مروج الذهب و معادن الجوهر، بيروت: دار الفكر، تحقيق و تعليق: سعيد محمد اللحام.
المقدسي، أبو عبد الله محمد بن احمد بن قدامة. (١٩٨٩)، كتاب التوابين، بغداد: مكتبة الشرق الجديد، حققه: عبد القادر الارناؤوط.
ناصر خسرو، نصر خسرو قبادياني علوى. (١٩٩٣)، سفرنامه، القاهرة: الهيئة المصرية العامة للكتاب، ترجمه: يحيى الخشاب.
الهكاري، عدي بن مسافر. (١٩٩٨)، اعتقاد أهل السنة و الجماعة، المدينة المنورة: مكتبة الغرباء الأثرية، تحقيق: حمدي عبد المجيد السلفي و تحسين ابراهيم الدوسكي.
الواسطي، شهاب الدين احمد بن منعم. (مخطوط)، تذكرة المقتفين آثار اولي الصفا و تبصرة المقتدين بطريق السيد تاج العارفين ابي الوفا، المكتبة الوطنية الفرنسية، باريس، الرقم ( NF Z 43-120-11)
الوتري، ابو محمد ضياء الدين احمد بن محمد الموصلي. (١٣٠٦هـ)، روضة الناظرين و خلاصة مناقب الصالحين، مصر: المطبعة الخيرية.
اليافعي، ابو عبد الله بن اسعد اليميني. (٢٠٠٦)، خلاصه المفاخر في مناقب الشيخ عبد القادر، بربلى: دار الآثار الأسلامية، تحقيق: الشيخ احمد فريد المزيدي.
ياقوت الحموي، شهاب الدين ابي عبدالله الرومي. (١٩٧٧)، معجم البلدان، بيروت: دار صادر.

**سێیەم: به زمانى فارسى**

الانصاري: شيخ الاسلام ابو اسماعيل عبد الله هروى (١٣٨٦هـ.ش)، طبقات الصوفية، تهران: انتشارات توس، تصحيح: محمد سرور مولايى.
بلخى، مولانا جلال الدين رومى(١٣٨٦هـ.ش)، مثنوى معنوى، تهران: انتشارات سايه نيما، براساس: نسخه رينولد نيكلسن.
پورجوادى، نصر الله. (١٣٧٤هـ.ش)، عين القضاة و استادان او، تهران، انتشارات اساطير.
پورجوادى، نصر الله. (١٣٨٢هـ.ش)، فارسى گويى عارفان نخستين – فصلى از تاريخ زبان فارسى، نشر دانش، سال بيستم، شماره (١)، ص ص٨-١٦.
جيحون آبادي، حاج نعمة الله. (١٩٦٦)، شاهنامهء حقيقت – تاريخ منظوم بزرگان اهل حق، تهران: انستيتيو ايران و فرانسه، متن مصحح: محمد مكرى.
حمدالله مستوفى، حمدالله بن ابى بكر قزوينى، (١٣٦٢هـ.ش)، نزهة القلوب فى المسالك و الممالك، تهران: چاپخانه ارمغان، بسعى و اهتمام و تصحيح: گاى لسترنج.
دانش پژوه، محمد تقى. (١٣٣٧هـ.ش)، چند فهلوى در كتاب عرفانى، فرهنك ايران زمين، شماره (٦)، ص ص٢٢٨-٣٣٣.
الراوندى، محمد بن على بن سليمان. (١٣٦٣هـ.ش)، راحة الصدور و آية السرور در تاريخ آل سلجوق، تهران: كتابفروشى على اكبر علمى، بسعى و تصحيح: محمد اقبال.
زركوب شيرازى، احمد بن ابو الخير. (١٣٥٠هـ.ش)، شيرازنامه، طهران: مطبعة روشنائى، بتصحيح: بهمن كريمى.

سيد مرتضى، ابن داعى حسنى رازي ( منسوب). (١٣٨٣هـ.ش)، تبصرة العوام في معرفة مقالات الانام، طهران: انتشارات اساطير، بتصحيح: عباس اقبال.
شمس الدين رازى، محمد بن قيس. (١٣٨٧هـ.ش)، المعجم في معايير أشعار العجم، تهران: انتشارات زوار، تصحيح: محمد بن عبد الوهاب قزوينى.
صفي الدين بلخى، عبدالله محمد حسينى. (١٣٥٠هـ.ش)، فضائل بلخ، تهران: بنياد فرهنگ ايران، به تصحيح و تحشيه: عبدالحى حبيبى.
طوسى، اديب. (١٣٣٧هـ.ش)، فهلويات لرى، نشريهء دانشكده أدبيات تبريز، ص ص١-١٦.
عطار، فريد الدين ابو طالب محمد نيشابورى. (١٣٨١هـ.ش)، تذكرة الاولياء، تهران: انتشارات گنجينه، بتصحيح: احمد آرام.
ابن عنبه، جمال الدين احمد الداودي (١٣٤٦هـ.ش)، الاصول الفخرية في أصول البرية، تهران، بتصحيح: سيد جلال الدين محدث ارموى.
عين القضات همدانى، عبد الله بن محمد بن الحسن الميانجي. (١٣٧٧هـ.ش)، نامههاى عين القضات همدانى، تهران: انتشارات اساطير، به اهتمام: علينقي منزوي و عفيف عسيران.
فسائى، حاج ميرزا حسن حسين. (١٣٧٨هـ.ش)، فارسنامهء ناصرى، تهران: انتشارات امير كبير، تصحيح: منصور راستگار فسائى.
فصيح خوافي، احمد بن محمد. (١٣٨٦هـ.ش)، مجمل فصيحي، تهران: انتشارات اساطير، تصحيح و تحقيق: سيد حسن ناجي نصرأبادى.

**چوارەم: بە زمانی ئینگلیزی**

Heidemann: Stefan. (1997-1998), A new ruler of the Marwanid Emirate in 401/1010 – and further considerations on the legitimatizing power of regicide, ARAM, 9-10,pp. 599-615.

Heron – Allen, Edward. (1902), The Lament of Baba Tahir, London: Gilbert & Rivington.

Karamustafa, Ahmet. T. (2007), Sufism – The formative period, Edinburgh: Edinburgh University Press.

Le Strange, Guy. (1905), The lands of the eastern caliphate: Mesopotamia, Persia and Central Asia from the Moslem conquest to the time of Timur, Cambridge: University Press.

Minorsky, V. (1953), Studies in Caucasian History, London: printed in Great Britain.

Minorsky, V. (1986), Ahl-I Hakk, Encyclopaedia of Islam, new edition, Leid, E. J. Brill, Vol.I, pp. 260-263.

Robinson, Chase F. (2000), Empire and Elites after the Muslim Conquest - The Transformation of Northern Mesopotamia, Cambridge: University Press.

Tafażżolī, Aḥmad. (1999), Fahlavīyāt, Encyclopaedia Iranica, Vol. IX, Fasc. 2, pp. 158-162. Online at: http://www.iranicaonline.org/articles/fahlaviyat.